PDF4Kurd

پرۆژەی تیشک

لە سەرگوزشتەكانی ژیان

ئەدەبی گاڵتەوگەپ، روداوی مێژوویی، بیرەوەری

نووسینی
شێخ موحەممەد خاڵ

١٤٢٨ كۆچی ٢٠٠٧ زایینی

PDF4Kurd

ناوی كتێب: له سه‌رگوزشته‌كانی ژیان، ئه‌ده‌بی گاڵته‌وگه‌پ، روداوی مێژوویی، بیره‌وه‌ری

نووسینی: شێخ موحه‌مه‌د خاڵ

ژماره‌ی سپاردن: (٣٤٩) ساڵی (٢٠٠٧)

شوێنی چاپ: كۆمپانیای چاپو په‌خشی نووسه‌ر

نۆره‌ی چاپ: یه‌كه‌م

ساڵی چاپ: ٢٠٠٧

تیراژ: ١٥٠٠

له بڵاوكراوه‌كانی: پرۆژه‌ی (تیشك)، زنجیره (14)

ناونیشانی پرۆژه له‌سه‌ر تۆڕی ئینته‌رنێت : www.tishkbooks.com

ئیمه‌یلی پرۆژه: info@tishkbooks.com
tishkbooks@yahoo.com

مافی له‌چاپدانی ئه‌م به‌رهه‌مه پارێزراوه بۆ پرۆژه‌ی تیشك

PDF4Kurd

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

ئەمن ئەمرم بەڵام وێنەم ئەمێنیٚ
هیوام وایە کە خۆشی گەل ببینیٚ

PDF4Kurd

روونکردنەوەیەك دەربارەی گرنگی ناوەڕۆکی ئەم کتێبە

له کتێبخانەکەی خوالێخۆشبووی باوکمدا، لەناو کۆمەڵێك دەفتەرو فایلی پڕ له لاپەڕەی زۆر که زانیاریی و رووداوی مێژوویی و هەواڵی هەمەجۆری بەنرخی کوردستانی ئەو سەردەمەی تێدا نووسرابوو، دەفتەرێکی بەرگ رەشی شەست لاپەڕەییم بەرچاو کەوت، لەسەرەوەی یەکەم لاپەڕەدا نووسرابوو: قسەی خۆش و بەڕێز لەگەڵ قسەی بەرزو بەپێز. دوای خوێندنەوەی و لەبەر گرنگیی بڕیارمدا لەچاپی بدەم، بەهیوای ئەوەی کەلێنێك پڕبکاتەوە له کتێبخانەی کوردیداو جێی رەزامەندی خوێنەرانی بەڕێزبێت ، بەتایبەتی کتێبی ناوبراو زیاتر بریتییه له قسەی خۆش و بەپێز که خوێنەر دێنێتە پێکەنین و بۆ ماوەیەك خەم و خەفەت لەبیر ئەباتەوە.

ئەوەی سەرنج رائەکێشێ لەدووتوێی ئەم قسە خۆشانەدا، باسی زۆر رووداوی گرنگی مێژوویی لەناوچەکانی کوردستاندا تێدایە که هێندێکیان ئەگەڕێتەوە بۆ زیاتر له سەد ساڵ لەمەوبەر، واتە لەزەمانی خیلافەتی عوسمانیدا. ژمارەیەکی زۆریش لەخاوەنی ئەم قسە خۆشانە گەورە پیاوانی هەڵکەوتووی کوردن که ناوبانگیان گەیشتۆتە دەرەوەی کوردستانی گەورە، بۆ نموونە: کاك ئەحمەدی شێخ، موفتی زەهاوی، مەولەوی، شێخ رەزای تاڵەبانی، مەلا فەندی هەولێر، حاجی شێخ ئەمینی خاڵ، عەبدوڕڕەحمان پاشای بابان، حاجی سەعید ئاغا، ئەحمەدی عەزیز ئاغا، مەولانا خالیدی نەقشبەندی، موفتی موحەممەد ئەفەندی، مەحمود پاشای جاف، وەسمان پاشای جاف، مەلا عەبدوڵلای مەریوانی، شێخ مستەفای نەقیب، سەید ئەحمەدی خانەقا، جەلال سائب، مەلا موحەممەدی کۆیە، شێخ مستەفای شێخ عەبدولصەمەدی قازی، شێخ مەعروف قەرەداخی، حەمەی عەبدوڕڕەحمان ئاغا، رەشۆڵ و کەسانی تریش.

سوپاس و پێزانینی خۆم و بنەماڵەی خاڵ بۆ پڕۆژەی تیشك و کارمەندانی، که بەهیممەتی ئەوان ئەم کتێبە لەچاپدرا.

خالد خاڵ

پرۆفیسۆری یاریدەدەر لەزانکۆی سلێمانی

٢٠٠٧/٤/٤

PDF4Kurd

دەستپێك

پاش غەفڵەتێكی درێژخایەنی جیهانی ئیسلامیی، كە مسوڵمانان بێئاگاییەكی ترسناك ڕوویتێكردبوون و شارەزاییان لەئایینەكەیان كاڵببوەوە، لەگەڵ ئەوەشدا خورافەیەكی زۆر بڵاوببوەوە، دەوڵەتی عوسمانی بەرەو كزیی و لاوازی دەچوو، وڵاتانی ئیستعماریش هەر ماوەیەك پارچەیەكیان لێدادەبڕی، لەم حاڵەتە شپرزەدا سێ ڕەوتی نوێكردنەوە و بەئاگاهێنانەوە سەریانهەڵدا:

١ – ڕەوتی سەلەفییەت لەحیجازەوە بە پێشەوایەتی موحەممەدی كوڕی عەبدولوەهاب.

٢ – ڕەوتی ڕیفۆرمخوازان لەئەفغانستان و هیندستانەوە بەپێشەوایەتی جەمالەدینی ئەفغانی.

٣ – ڕەوتی بانگەوازو ڕێكخستن لەمیسرەوە بەپێشەوایەتی حەسەن بەننا. ئەمەشیان پاش ڕووخانی خیلافەت بوو

ئەم سێ ڕەوتە وردە وردە بوون بەسێ قوتابخانەو بەرەو وڵاتانی دیكەی ئیسلامیی كشان، زۆر لەوڵاتە ئیسلامییەكان پێیانەوە كاریگەر بوون، كوردستانی ئێمەش نەبوێررا لەو كاریگەربوونە، با بە ڕێژەیەكی كەمتر لەوڵاتانی دیكەش بووبێت.

لەو زانایانەی كاریگەریی ڕەوتی دووەمیان كەوتەسەرو بوون بە بەشێكی قوتابخانەی ڕیفۆرمخوازیی لە كوردستاندا دوو مامۆستای بیر ڕووناك و هەڵكەوتوو بوون:

یەكەمیان: مامۆستا مەلا موحەممەدی جەلیزادەی كۆیە (مەلای گەورە) ١٨٧٦–١٩٤٣، كە مەسعود موحەممەد لەچەند شوێنێكی نووسینەكانیدا باسی كاریگەربوونەكەی دەكات و مەلای گەورە بەشوێنكەوتەی ئەو قوتابخانەیە دادەنێت.

دووهەمیان: مامۆستا شێخ موحەممەدی خاڵ بوو ڕەحمەتی خوایان لێبێت.

سەبارەت بە كاریگەربوونی شێخی خاڵ بە قوتابخانەی ئەفغانییەوە خۆی دەڵێت: "بێگومان هەموو ئادەمیزادێكی ڕێك و ڕاساڵ گەلی خۆی خۆشدەوێت، وە حەز بەسەربەرزیی و مانەوەی ئەكا، بەڵام هۆی بنەڕەتی كاریگەر لەجیهانی ڕۆشنبیری منذا نووسینەكانی (جمال الدین)ی ئەفغانی بوو، كە یەكەم بڵێسەی ڕوونكردنەوەی بیرم بوو، چ لەگۆڤاری (العروة الوثقی)دا یان وتە جەمالییەكانی كە بەفارسی ئەینووسین. لەو وتارانەدا بەرچاوم كەوت كە زمان گیانی میللەتە، كە زمان بوو گەل هەیە كە نەبوو نییە، ئەو دوو ڕستەیە ڕایان چڵەكانم و بێداریان كردمەوە، تا ئەو كاتەش ئێمە خاوەنی فەرهەنگ نەبووین بەو شێوەیە گۆڤاری (العروة الوثقی)[1] كە جەمالەدین بەڕێوەبەریبوو، (شێخ موحەممەد عەبدە) سەرنووسەری بوو، وە بۆ دەركردنی شوققەیەكیان لەپاریس بۆگرتبوو، هەوێنی بزووتنەوەی ڕۆشنبیریم بوو، وەكو هەزارانی وەك منی بێدار كردبووەوە، گۆڕانێك بوو بەسەر هەستو بیرما كە چۆن سوود وەربگرم و سوود ببەخشم".

ئەو جۆش و خرۆشەی مامۆستای خاڵ دەیدركێنێت، بەرامبەر بە ئەفغانی كە پاشان ئەو ڕێبازەی لەسەری بوو بە قوتابخانەیەك و چەند تایبەتمەندییەكی لەخۆ گرت لەوانە: هۆگربوونی بە ڕۆشنبیری، خۆ پرچەككردن بەزانستی شەرعی و سەردەم، ڕیفۆرمخوازی ئایینی و كۆمەڵایەتی سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی شارستانیەتی ئیسلامیی، نەپسان و كۆڵنەدان لە هۆشیاركردنەوە دژی ئیستعمارو خزمەتی میللەتداو داوای یەكڕیزیكردن.

بۆیە دەبینین مامۆستای خاڵ پێش ئەویش مەلای گەورە لەو تایبەتمەندیانەدا لەناو زاناو مەلای كورددا پێشەنگ و ڕچەشكێن بوون.

بەنموونە لەپیشاندانی ڕووی ڕاستی ئیسلام و بەگژاچوونەوەی خورافات كە لەو سەردەمەدا وڵاتی تەنیبوو، مەلای گەورە (فڕی فڕی قەل فڕی) دەنووسێت و شێخی خاڵیش (مەولودنامەی نەوئەسەر)، هۆی ئەم نووسینەش وەك شێخ خۆی دەڵێت: "لەجیاتی هەندێ لەناملیكەی تر لەخەرافیات خاڵیبوو".[2]

---

[1] ڕۆڤار، ژمارە (٢٩) شێخ موحەممەدی خاڵ منەوەرێكی گەورە و چراخانێكی زمانی كوردی. دیداری موحەممەد صاڵح حەسەن.

[2] ڕۆڤار، ژمارە (٢٩) شێخ موحەممەدی خاڵ منەوەرێكی گەورە و چراخانێكی زمانی كوردی. دیداری موحەممەد صاڵح حەسەن.

pdf4kurd

PDF4Kurd

هەر لەو غەفڵەتەدا کە لەسەردەمی ئەو دوو زانایەدا کۆمەڵگەی تێکەوتبوو، قورئان کرابوو بە کتێبێکی پیرۆزی بێگیان تەنها بۆ نوشتەو تەبەڕوك و بۆنەکان بەکاردەهێنرا، نەدەبوو بەکوردی مانا بکرێت، کەچی ئەوان قورئانیان بەزمانێکی پاراوی کوردی تەفسیرکرد، تا خەڵکی بزانن قورئان یانی چیو داوای چی ئەکات. ئەمەشیان لە تایبەتمەندێتی قوتابخانەکەی ئەفغانی بوو.

باسەکەی ئێمە تایبەتە بەشێخی خاڵەوە، بۆیە هەر لسەر ئەو دەچین (باسی مەلای گەورەو کاریگەربوونی بەجەمالەدینەوە ناکەین)، گەر سەرنجی تەفسیری خاڵ بدەین دەبینین لەوێشدا هەر لەسەر رێچکەی قوتابخانەی ریفۆرمخوازیی رۆشتووە، وەك خۆی دەڵێت: "ساڵی ١٩٣٣ جزمی عەممەمان بە کورتیو بە کوردی تەفسیر کرد لەسەر رێبازی شێخ موحەممەد عەبدە."[١]

مامۆستا جگە لە هۆشیارکردنەوەو چاکسازیی کە تایبەتمەندی قوتابخانەی جەمالەدینو شێخ موحەممەد عەبدە بوو، هۆیەکی دیکەی تەفسیری قورئان کردنەکەی ئەوەبو: لەلای نەنگی بوو قورئان بەکوردی نەکرێت "گەلی کورد گەلێکی مسوڵمانە بەلامەوە نەنگ بوو گەلێك (٢٥) ملیۆن کەس بێ لە کتێبخانەیدا تەفسیری قورئانی پیرۆز بەزمانی خۆی نەبێ، ئەوە لەگەڵ خزمەتگوزاری ئەو گەلەدا بەئیسلام رێك ناکەوێ دەوری سەلاحەددینی کوردی ئاشکرایە لەمێژوودا کە چۆن وڵاتانی ئیسلامیی پاراست لەپەلاماری بێگانەکان، نەبوونی تەفسیری قورئانی پیرۆز بەکوردی عەیبێکە لەسەر شانی زانایانی ئایین، بۆیە دەستمکرد بەتەفسیرکردنی قورئان".[٢]

جگە لەبواری ئایینی، مامۆستای خاڵ لەبواری زمانو فەرهەنگیشدا داهێنەرانە هاتەمەیدانو جێپەنجەی بەرچاوی بەو بوارانەدا دیارە، بەڵام ئیلهامبەخشی ئەو خزمەتانەشی هەر لەو قوتابخانەوە سەریهەڵدا، هەروەك دەڵێت: لە سەرەتاوە خۆم زۆرم حەز بەخوێندنو نووسین دەکردو زۆربەی ئیلهامەکانم لەسەید جەمالەدینی ئەفغانییەوە وەرگرتووە، چونکە بەردەوام دەمخوێندنەوە، کە لە وتەیەکیدا دەڵێت: "هەر گەلێك فەرهەنگی نەبێت گەل نییە".[٣]

مامۆستا بەم نووسینانە خزمەتی بەدینو نەتەوەکەی دەکرد لەلایەکی دیکەوە پاڵنەرەکەشی هەم نەتەوەییو هەم ئایینی بوو، لەیەکیشی جودانەکردنەوە، دکتۆر خالید خاڵ دەڵێت: "کەسانی تر ئەگەر تەنها هەستی نەتەوایەتی پاڵی پێوە ئەنا بۆ بەربەرەکانی ئەو رژێمانەی کە بەردەوامبوون لەکاولکردنی کوردستانو زەوتکردنی خاکمان. شێخ موحەممەدی خاڵ لەگەڵ هەستی نەتەوایەتییدا هەسی ئایینیشی رۆڵێکی گەورەی هەبوو لەزیادکردنی گڕو بڵێسەی تۆڵەسەندن تێیدا بەرامبەر دوژمنانی کوردو کوردستان، لەو باوەڕەدابوو کە ئەبێ ئایین واعزێکی نیشتمانیو نەتەوایەتیش بێ، خەباتی نیشتمانیش پێویستییەکی ئایینی بێ".[٤]

بەوشێوەیە مامۆستای خاڵ بەزانیارییەکی تێروتەسەلی شەرعیو فەرهەنگییەوە، دەستی لەنووسین هەڵنەگرت تا لەهەردوو بواری ئایینیو فەرهەنگیدا کۆمەڵە شاکارێکی داهێنەرانەی ئافراند، کە بەشانازییەوە شایەنی شەرەف سەرقافڵەیەتیی لەهەردوو بوارەکەوە پێببەخشرێت، تەفسیری خاڵو فەرهەنگی خاڵو پەندی پێشینانەکەی بەڵگەی روونی ئەو شایەتیدانەن.

ئەوانەی لە پێشەوە باسمانکردن تایبەت بوون بە کاریگەربوونی مامۆستا شێخ موحەممەدی خاڵ بە قوتابخانەی ریفۆرمخوازیو سەرقافڵەبوونی لە بوارەکانی نووسیندا، کەلە بەشێکی بەرهەمە چاپکراوەکانیدا ئاشکران، سەبارەت بەم دەستنووسە ناکاملەی بەردەستیشمان وادیارە شێخی خاڵ ویستبێتی جگە لەو بوارانە داهێنانێکی دیکە بکات

١ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٢ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

3 هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٤ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

PDF4Kurd

لەزیندووکردنەوەی لقێکی فەرامۆشکراوی ئەدەبی کوردیدا، کە بەدەگمەن نەبێت ئاوڕی لێنەدراوەتەوە، ئەویش گێڕانەوەی سەرگوزشتەو نوکتەی پێکەنین ئامێزە، کە لقێکی ئەدەبەو بە ئەدەبی گاڵتەوگەپ ناسراوە.

ئەدەبی گاڵتەوگەپ: چیرۆکێکی کورتە بەڵام بەجۆرێکی گاڵتەئامێز داڕێژراوەو گیانی پێکەنینی کراوە بەبەردا ئەمیش لەڕیزی فۆلکلۆردایە،[1] (بێگومان ئەگەر خاوەنەکەی دیار نەبێت)

ئەم لقەی ئەدەب لەناو گەلانی دراوسێدا زۆر بڵاوەو لەمێژە نووسراوەتەوە، کتێبی (الأغاني) ئەبو فەرەجی ئەسفەهانی و (نزهة القلوب) دیارترین نموونەی ئەم لقەن لە ئەدەبی عەرەبیدا.

لەناو گەلی کوردیشدا ئەم لقەی ئەدەب بەربڵاوەو دەم بەدەم نەوەکان بۆ یەکتریان گێڕاوەتەوە، بەتایبەت لەناو چینی مەلاکانو ناو حوجرەکانی کوردستاندا برەوی زیاتری هەیە، تا گەیشتووەتە ئەو ئاستەی مەلا وەك قارەمانی ئەم لقە ناوزەد دەکرێت، بەڵکو زۆرجار کە سەرگوزشتەیەکی خۆش یان نوکتەیەکی سەرنجڕاکێشو پێکەنیناوی گێڕرابێتەوە بەڕاستو ناڕاست هەر دراوەتە پاڵ مەلاو حوجرەکان. پێدەچێت هەر ئەمەش مەلای مەزبوورەی خولقاندبێت.

مەبەست لەم لقەی ئەدەبیش واتە: (لەمجۆرە حیکایەتە (گاڵتەوگەپ) بێجگە لە دەربڕینی جەوهەری فەلسەفەی چاکەو خراپەو شتێکی تری تیایە کە بەتێکڕایی لەگەڵ حیکایەتەکانی تری گاڵتەوگەپی کوردی کە پەردەیەکی (ئایینی)یان پێوەیەو باس لە بیروڕای ئایینی ئەکەنو هەڵوێستێ بەرامبەریان پیشان ئەدەن، ئەخرێنە خانەی باسی ئایینەوە).[2]

کەچی ئەم لقەی ئەدەبی کوردی جگە لە مامۆستا عەلادین سەجادی کە ئەویش شەلم کوێرم هیچ نابوێرم دەستپارێزی نەکردووەو چاكو خراپی تێکەڵ کردووە، لەنرخی (رشتەی مرواری)یەکەی دابەزاندووە، کەسی دی بەنووسین نەکەوتووەتە کۆکردنەوەی ئەمجۆرە ئەدەبەوە. بەم دەستنووسەدا دیارە مامۆستا شێخ موحەممەدی خاڵ پرۆژەیەکی گەورەی لەم بوارەدا دابێتەبەر، بەڵام درەنگتر دەستبەکار بووە وەك خۆی لە پێشەکیەکەدا ئاخی بۆ هەڵدەکێشێت، بۆیە لەو (خەرمانە) گەورەیە تەنها چەند (مەلۆ)یەکی کەمی پێکۆکراوەتەوە، تەنانەت پێڕانەگەیشتووە ئەم کەمانەش شەنو کەو بکات. چونکە ئەمجۆرە ئەدەبە لەگەڵ گرنگیو ناسکییدا ئەگەر ئاشنایانی وەك مامۆستای خاڵ تەتەڵەیان نەکەن، ئەدەبێکی هەڵماڵراوو بێ مەبەست دەرئەچێت، بەڵکو دەبێتە باسکردنی هەندێ قسەی بێجێو سەرگوزەشتەی داشۆرینو هەرزەکارانە، واتە لەریزی ئەدەب نامێنێ. ئامانجو مەبەستەکەی کە دکتۆر عزەدین ئاماژەی پێدەکات لەدەستیدەدا.

مامۆستای خاڵیش هەرزوو دەرکی بەم راستییە کردووە، بۆیە لەپێشەکیە کورتەکەیدا بۆ ئەم بەرهەمە، پاش هاندانی رۆشنبیران بۆ کۆکردنەوەی ئەو جۆرە سەرگوزەشتانە دەڵێت: "بەڵام دەخیل سەد دەخیل قسەی ناشیرین مەنووسن".

بێگومان ئەم وەسێتەی مامۆستا شێخ موحەممەدی خاڵ ئەگەر بەجێهێنرا لەڕووی ئایینییشەوە کۆکردنەوەی ئەم سەرگوزەشتانە رەخنە هەڵناگرن، بەڵکو بایەخی تایبەتییان دەبێت، وەك لە ڕەوشتو ژیانی پێغەمبەری خوادا (د.خ) چەندین رووداوی پێکەنیناویو قسەی بەتوێکڵو نوکتەی خۆش گێڕراوەتەوەو پێغەمبەری خواش (د.خ) بەشداربووە تیایاندا، هەمیشەش راستی وتووە.

ئەم پرۆژەیەی مامۆستا شێخ موحەممەد بەو ناکامڵییەش گرنگی خۆی هەیە، دیارە ویستویەتی شاکارێکی دی بخاتە کتێبخانەی کوردییەوە، لەمەشدا ئایینو ژیان پێکەوە گرێبدات وەك بەرهەمەکانی دیکەی، بەڵام بەداخەوە هەر ئەوەندەی بۆ لواوە کە دەلاقەیەك بکاتەوە لەڕووی ئەم لقە پشتگوێخراوەی ئەدەبی کوردیدا. ئەگەر سەرنجی بەشی کۆتایی نووسینەکە بدەین، بە تایبەت دە سەرگوزشتەی کۆتایی، دەردەکەوێت مامۆستا رەوتی نووسینەکەی گۆڕیوە لە نوکتەی گاڵتەوگەپەوە بۆ گێڕانەوەی هەندێك روداوی مێژووییو بیرەوەری خۆی، تۆ بڵێی مامۆستا ویستبێتی یاداشتی بیرەوەریەکانی خۆی بکات؟ یان ئەوەی لە ژیان وەریگرتووە بۆ ئێمەش بگێڕێتەوە؟

[1] ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، ل١٦١ د. عزەدین مستەفا رەسوڵ.

[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

PDF4Kurd

وەڵامی ئەم پرسیارانە پێویستی بە پشکنینێکی وردتری کونو قوژبنی کتێبخانە دەوڵەمەندەکەی مامۆستا دەبێت، کێ دەڵێت زیاتر لەم بابەتانەی لە پەراوێزی کتێبو پارچە کاغەزو لاپەڕەی گچکەدا نەنووسیبێتەوە؟ بۆیە (پرۆژەی تیشك) بەچاکی زانی ئەم بەرهەمە بەچاپ بگەیەنێت، بێگومان بەچاپگەیاندنی دەربڕینی وەفایە بۆ ئەو خزمەتە گەورانەی مامۆستا کە بەئایینو فەرهەنگی کوردی کردووەو کەلێنی گەورەی پڕکردۆتەوە.

ئەم هەوڵەی (پرۆژەی تیشك) هەنگاوی دووەمیەتی لەخزمەتکردنی ئەو زانایانەی جێپەنجەیان دیارە لەخزمەتکردنی ئایینو گەلەکەیاندا، هەنگاوی یەکەم (سەدەیەك تەمەنی نوورین)ی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس بوو. خوا یاربێت بەنیازین هەنگاوی دیکەشیان هەر لەم بوارەدا بەدوادا بێت.

سەبارەت بەچۆنیەتی دەستکەوتنی ئەم بەرهەمەش، دەگەڕێتەوە بۆ دکتۆر خالید خاڵ کە بەپەرۆشەوە بابەتەکانی بۆ کۆکردینەوەو هەر ئەویش ژمارەکانی رۆژنامەی یەکگرتووی دەستخستین کە نزیکەی دە سەرگوزشتەیان لەژمارەکانی ئەو رۆژنامەیەدا بڵاوکرابووەوە، ئاسانکاریی زۆر بۆ کردین دەبێت پێشەکی سوپاسی بەرێزی بکەین.

پرۆژەی تیشك

PDF4Kurd

پوختەیەك لە ژیاننامەی مامۆستا شێخ موحەممەدی خاڵ

شێخ موحەممەدی خاڵ کوڕی شێخ عەلی حاجی شێخ ئەمینی خاڵە، لەنەوەی مەلا مستەفای موفتی بابانەکانە، کە ئەویش لەنەوەی زانای گەورە مەلا ئەبوبەکری موسەنیفە، مامۆستا خاڵ لەساڵی (١٩٠٤) لەشاری سلێمانی لە بنەماڵەیەکی ئایینیو ناودار لەدایك بووە، لەتەمەنی (١٠) دە ساڵیدا باوکی بەنەخۆشی ئەمرێ، حاجی شێخ ئەمینی باپیری شێخ موحەممەدو هەر چوار براکەی دەباتە لای خۆیو بەخێویان دەکات. هەر لای خۆی دەیخاتە خوێندنو پەروەردەی لەئەستۆ دەگرێت.

مامۆستا شێخ موحەممەدی هەر لەمنداڵییەوە هۆگری خوێندنو نووسین بووە، بەشی زۆری خوێندنی لای شێخ عومەری قەرەداخی بووە، هەروەها لای مەلا حسێنی پەسکەندیو شێخ جەلالی قەرەداخیش خوێندوویەتی، لەساڵی (١٩٣١) کە باپیری وەفات دەکات بەئامادەبوونی موتەسەریفی سلێمانی و گەورە کاربەدەستانو پیاوماقووڵانی شار لە ئاهەنگێکی گەورەدا بەفەرمانی رەسمی شێخ موحەممەدی خاڵ دەکرێت بەپێشنوێژو مودەڕیسی مزگەوتەکەی باپیری تا ساڵی ١٩٣٩ لەوێ بەردەوام دەبێت، لەماوەی هەشت ساڵی دەرس وتنەوەیدا، چەندین قوتابی لای ئەو پێدەگەنو خوێندنی ئایینی سەرکەوتووانە تەواودەکەن.

هەر لە ساڵی ١٩٣٩ دەچێتە بەغدا بۆ تاقیکردنەوەیەك کە وەزارەتی داد رێکیخستبوو بۆ پلەی قازییەتی. مامۆستا خاڵ لەو تاقیکردنەوەیەدا بە یەکەم دەردەچێت، بەفەرمانی پادشایی دەکرێتە قازیو لەهەڵەبجە دادەمەزرێت.

مامۆستای خاڵ لەشارەکانی هەڵەبجەو چەمچەماڵو سلێمانیو کەرکوكو موصل قازێتی کردووە، یەکێك بووە لەقازییە ناودارو شارەزاکانی عێراق، لەماوەی (٢٨) بیستو هەشت ساڵی قازی بوونیدا.

لەساڵی (١٩٦٢) لەناو قازییەکانی عێراقدا هەڵبژێردرا بە ئەندامی محکەمەی تەمیزی شەرعی لەبەغدا، لەساڵی (١٩٦٧) خانەنشین کراوە.

جگە لەتەدریسو قازێتی شێخی خاڵ هەر لەسەرەتای لاوێتییەوە خولیای خوێندنەوەو نووسین بووە، هەر لەساڵانی سییەکانەوە دەستی بەنووسین کرد، بەرهەم لەدوای بەرهەمی پێشکەش بە هاوئایینو زمانی کرد.

مامۆستای خاڵ کەڵەزانا و رۆشنبیرو نووسەری بەتوانا بوو، بۆیە لەدوای تۆفیق وەهبی دووەم کوردە لەساڵی (١٩٥٣) ببێتە ئەندامی کۆڕی زانیاری عێراق، لەساڵی (١٩٧٢) شەوە بووە بە جێگری سەرۆکی کۆڕی زانیاری کورد.

بەرهەمەکانی ئەو ساڵانەشی باشترین بەڵگەن لەسەر توانایی خزمەتی بەئایینو زمانو کەلتوری نەتەوەکەی، هەقی خۆیەتی مامۆستا لەزۆر بواری نووسیندا بەتایبەت: تەفسیری قورئان، زمان، فەرهەنگ، کەلتوردا بەپێشەنگ ناوزەدبکرێت، بەڕاستی بوێرانەو بلیمەتانە رچەی بۆ پاش خۆی شکاند.

ئەمانەش شاکارەکانی مامۆستای (خاڵ)ن:-

١- تەفسیری سورەی فاتیحە:	١٩٣٢	٨٣ لاپەڕەیە.
٢- تەفسیری سورەی فاتیحە:	١٩٥٥	٣٤ لاپەرەیە.
٣- تەفسیری خاڵ، جزمی یەکەم:	١٩٦٩	٢١٤ لاپەڕەیە.
٤- تەفسیری خاڵ، جزمی دووەم:	١٩٧٩	١٩٨ لاپەڕەیە
٥- تەفسیری خاڵ، جزمی سێیەم	١٩٧٩	٢٢٣ لاپەڕەیە
٦- تەفسیری خاڵ، جزمی چوارەم:	١٩٨٤	١٦٥ لاپەڕەیە
٧- تەفسیری خاڵ، سورەتی عەمە:		
٨- تەفسیری خاڵ، جزمی تەبارەك:	١٩٨٦	٢٩٧ لاپەڕەیە
٩- تەفسیری خاڵ، جزمی قدسمیع الله	١٩٨١	
١٠- تەفسیری خاڵ، جزمی زاریات:	١٩٩٠	

PDF4Kurd

١١- فەرهەنگی خاڵ، بەرگی یەکەم:	١٩٦٠	٣٦٦ لاپەرەیە
١٢- فەرهەنگی خاڵ، بەرگی دووەم:	١٩٦٤	٣٤٨ لاپەرەیە
١٣- فەرهەنگی خاڵ، بەرگی سێیەم:	١٩٧٦	٤٩٦ لاپەرەیە
١٤- ناڵەی دەروون، بەرگی یەکەم:	١٩٨٤	٢٣٨ لاپەرەیە
١٥- ناڵەی دەروون، بەرگی دووەم:	١٩٨٥	٢٢٠ لاپەرەیە
١٦- موفتی زەهاوی:	١٩٥٣	١٣٢ لاپەرەیە
١٧- پەندی پێشینان، چاپی یەکەم:	١٩٥٧	١٣١١ پەندە
١٨- پەندی پێشینان، چاپی دووەم:	١٩٧١	٣٨٩٣ پەندە
١٩- پەندی پێشینان، چاپی سێیەم:	٢٠٠٠	٤٥١٣ پەندە
٢٠- مەلا موحەممەدی خاکی:	١٩٧٨	٦٣ لاپەرەیە
٢١- پێشگرو پاشگر:	١٩٧٤	٢٤ لاپەرەیە
٢٢- باباتاهیری هەمەدانی:	١٩٧٧	٣٥ لاپەرەیە
٢٣- رێزمانی کوردی:	١٩٦٠	١٣٥ لاپەرەیە
٢٤- پەروەردەی ئایین:	١٩٧٥	٢٧٠ لاپەرەیە
٢٥- ئایین و رەوشت و جوانکردن:	١٩٤٩	٧٠ لاپەرەیە
٢٦- ها مەولودنامەی نەوئەسەر:	١٩٣٧	٤٣ لاپەرەیە
٢٧- ها مەولودنامەی نەوئەسەر:	١٩٧٢	٣٢ لاپەرەیە
٢٨- فەلسەفەی ئایینی ئیسلام:	١٩٣٨	٦١ لاپەرەیە
٢٩- سۆزی مینبەر:	١٩٩٧	٧٠ لاپەرەیە

مامۆستای خاڵ پاش ئەو خزمەتە مەزنانە لە ١٥/ ٧/ ١٩٨٩ ماڵئاوایی یەکجارەکیی لێکردین، خوای گەورە بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات.

PDF4Kurd

پێشەکی

خوێنەرانی گەلانی جیهان بەجیاوازی بیروڕاو تەمەن و رادەی خوێندەواری و پلەی کۆمەڵایەتییان، هەموو حەز لەقسەی خۆش ئەکەن. مرۆڤیش لەدێر زەمانەوە سەری قاڵە بەدابینکردنی لوقمەی ژیان، وە لەم گێژاوەدا ژیانی بردۆتەسەر.

قسەی خۆشیش جگە لەوەی کە مەردوم ئەهێنێتە پێکەنین و گەشانەوە لە دەم و روویدا بەهۆی بینین یا بیستنی شتێکی خۆشەوە، پێویستییەکیشە بۆ تەندروستی و درێژەدان بەژیان.

ئەگەر هەموو ئەو قسەخۆشانە لەکاتی خۆیدا کۆبکرانایەوە، وە بکرانایە بەچەند جەڵدێک کتێب، لەفەوتان رزگاریان ئەبوو، وە ئێستا ئەمانخوێندەوە، بەڕاستی ئەوە نەبێت کە ئەمرۆ نەختێک خەم و خەفەت بەبابدا هیچ شتێکی تر نییە کە بای بدا. ئەگەر راستت ئەوێ حەبی ئەسپرین بۆ ژانەسەر چۆنە، ئەم جۆرە قسەخۆشانە بۆ خەم و خەفەتی ئەمرۆ وانە.

لەگەڵ ئەمەم بەدڵا هات دەستێکم دا بەدەستا، هەناسەیەکی ساردم هەڵکێشا بۆ ئەو هەموو قسەخۆشانەی کەبیستوومن و نەمنووسیبوون و لەبیرم چووبوونەوە. دەفتەرێکی چەند لاپەڕەییم گرت بەدەستەوەو دەستمکرد بەنووسینی ئەوانەی کە لەبیرم مابوون. کەواتە وەسیەت بێ ئەی خوێندەوارانی کورد هەروەخت قسەیەکی خۆشی پێکەنیناویتان بیست خێرا بینووسن و لەدەستی مەدەن، ئەمە کەلەپوورێکی زۆر بەرزو بەنرخ و گرنگە لەپاشەڕۆژدا. بەڵام دەخیل سەد دەخیل قسەی ناشرین مەنووسن.

شێخ موحەممەدی خاڵ

١٩٨٢/٢/٢١

١. پارێزگارێکی نەخوێندەوار

قازی بووم لە سلێمانی، پارێزگارێکی حقوقمان بۆ هات، رۆژی جومعان لە دیوەخان دائەنیشت بۆ ئەوەی خەڵک بچنەلای.. رۆژێکی جومعە چوومە لای، کە تەماشامکرد لەتەنیشت خۆیەوە دۆڵابێکی گەورەی کتێبی داناوە پڕە لە کتێبی جزوبەندکراوی جوان جوان، وە لەسەر دۆڵابەکە چەند کتێبێکی لەسەرشان داناوە، کە یەکێکیان ناوی کتێبەکە لە بنکەکەی بەزەڕکفت نووسرابوو، من بۆم نەخوێندرایەوە لەبەر وردی نووسینەکەی و دووری لێمەوە، منیش وتم: "ئەو کتێبە چییە لەسەرەوە"؟ وتی: "(حلالین)ە"، منیش وتم: "کتێبێک ناوی (حلالین) بێ نییە، ئەبێ (جلالین) بێ کە تەفسیرێکە (جلال الدین محلي) نووسیویەتی تا ناوەڕاستی قورئان و لەوێدا کۆچی دوایی کردووە، وە (جلال الدین سیوطي) تەواویکردووە لەسەر شێوەی پێشوو، لەبەر ئەوە ناونراوە (جلالین) واتە دوو جەلال ناو تەواویانکردووە"، ئەم زانیارییەم دایە تاوەری بگرێ، بەڵام ئەمەشی وەک دەرسەکانی حقوق وەرگرت، واتە هیچ.

٢. شیعە لای مەولەوی

مەولەوی شاعیر فەقێ ئەبێ لەشاری سنە لەمزگەوتی (دار الاحسان)، لەگەڵ چەند فەقێیەکی ترا، یەکێک لەو فەقێیانە شیعە ئەبێ. بەهاردێ لەرۆژێکی خۆشا، فەقێکان ئەچن بۆ سەیران لەتەنیشت گۆڕستانێکەوە شوێنێکی خۆشی پڕ لەسەوزیی و گوڵ و گوڵزار ئەبینن لائەدەن، وە لەوێ دائەنیشن و چا لێئەنێن و خواردەمەنی ئامادەئەکەن، وە بەخۆشی رائەبوێرن تا ئێوارێ. ناوبەناو مەولەوی توانجێک ئەگرێتە فەقێ شیعەکە بەپێی بیروباوەڕو عاداتی ناشیرینی خۆیان، ئەویش ناتوانێ وەرامی بداتەوە چونکە وەرامی نییە. لەو ماوەیەدا سەگێک بەسەر گۆڕستانەکەدا ئەڕوا، وەک عاداتی خۆی هەڵئەمیزێ بەکێلی قەبرێکدا. فەقێ شیعەکە چاوی تێوە ئەبێ، وە ئەمە بەهەل ئەزانێ کە ئەمیش پلارێک بگرێتە مەولەوی،

PDF4Kurd

رووئەکاتە مەولەوی‌و ئەڵێ: ئەها مەولەوی ئەو سەگە میزی کرد بەگۆڕی ئەو سوننیەدا. ئەویش کتوپڕ ئەڵێ: ئەم دوژمنایەتییە لەکۆنەوە هەیە لەنێوان شیعەو سوننیدا.

٣- چوار زەلام‌و دوو فانۆس

لەشەوێکی زستاندا دوو کەس دەمەقاڵێیان ئەبێ، یەکەمیان ئەڵێ: خێڵ یەك بەدوو ئەبینێ، ئەویتریان ئەڵێ: ئەم قسەیە درۆیە وانییە. ئەمانە دوو زەلام بەفانۆسێکەوە ئەنێرن بۆ ماڵی مام فەتاح ناوێك کەخێڵ بووە، تا ئەم پرسیارەی لێبکەن. زەلامەکان ئەچن تەقتەق لە قاپی ماڵی مام فەتاح ئەدەن وە لەخەو هەڵی ئەستێنن‌و ئەیهێننە بەر قاپییەکە پرسیاری لێئەکەن. مام فەتاح تووڕە ئەبێ، ئەڵێ: بڕۆن بڕۆن، بەم نیوە شەوە چوار زەلام‌و دوو فانۆس هاتوون بۆ ئەم پرسیارە قۆڕە.

٤- ئەدەبی ئیمام ئەعزەم

ئیمامی ئەعزەم رەزای خوای لێبێ ئەچێ بۆ حەج، لەوسەرەوە کە ئەگەڕێتەوە ئەچێ بۆ مەدینە، رۆژێك بەتایبەتی ئەچێت بۆ زیارەتی ئیمامی مالیك، ئەویش یەکێکە لەچوار پێشەوای ئیسلام کە تائێستا یەکیان نەدیوە. کە ئەچێتە ژوورەکەی ئیمام تەماشا ئەکات پڕە لەزانایان‌و دانایان، وە جێگای دانیشتن نییە بەردەمی قاپییەکە نەبێ. ئیمام سەلام ئەکاو هەر لەوێ دائەنیشێ وە کەس نایناسێ. ئیمامی مالیك لێی ئەپرسێ لەکوێوە دێن؟ ئەفەرموێ لەعێراقەوە، ئیمام مالیك ئەفەرموێ: (أهل العراق، أهل النفاق) ئیمامی ئەعزەمییەش ئەفەرموێ: راست ئەفەرموون، قورئانیش پشتیوانی فەرموودەکەی ئێوە ئەکات کە ئەفەرموێ: (ومن أهل العراق مردوا على النفاق)، ئیمام مالیك پێشەکی تێنەگەیشت کە ئیمامی ئەعزەم جنێوەکەی بەخۆی دایەوە، ئیمامی مالیك فەرمووی: ئایەتەکە وانییە وەکو وتت، وتی ئەی چۆنە، وتی: (ومِن أهل المدينة مردوا علي النفاق)، لەگەڵ وتی (أهل المدينة) ئینجا تێگەیشت ئەوەی کەلەقورئاندا هەیە مونافیقی ئەهلی مەدینەیە.

کە ئیمامی مالیك خۆی مەدینەییە . نەك ئەهلی عێراقە . بەڵام ئیمامی ئەعزەم لەبەر ئەدەبی ئیمام مالیك ئایەتەکەی بەهەڵە خوێندەوە تا بەئیمام مالیك خۆی ئایەتەکە راست بکاتەوە، وە هەر بەخۆی جوابەکەی بداتەوە. ئیمام مالیك کەتێگەیشت هەستاو چووە بەردەمی وتی: ئەبێ ئێوە ئیمام ئەعزەم بن، وتی: بەڵێ، ئیتر هەڵیگرت‌و بردییە لای خۆیەوە.

٥- لە نێوان زەهاوی‌و زەنددا

لەپێش (موفتی زەهاوی)دا موحەممەد ئەمین ئەفەندی زەند . کەزانایەکی کوردە . موفتی بەغدا بووە، کە ئەم خانەنشین ئەبێ، موفتی زەهاوی ئەبێ بەموفتی بەغدا. جارێك ئەم موحەممەد ئەمین ئەفەندی زەندە لەکۆڕێکا وتوویەتی من کوردنیم، ئەم قسەیە بەزەهاوی ئەگاتەوە، موفتی ئەڵێ: ئەبێ دایکی پێی وتبێ.

٦- موفتی زەهاوی نایەوێ مەیمون ببینێ

جارێکیان موفتی زەهاوی لای والی بەغدا دائەنیشێ، وە سەرینێك لەناوەندی هەردوکیانا ئەبێ، لەو دەمەدا کوڕی حەسەن قولی خانی والی لوڕستان ئەچێتە لای والی بەغدا بۆ قسەکردن لەبابەت سنوری ئێران‌و عێراقەوە، وادەرئەکەوێ کەوالی بەغدا لەقسەکانی کوڕی والی لوڕستان خۆشنود نابێ لەپاش هەستانی کوڕی والی ئەمە فەرامۆش ئەکا کە موفتی زەهاوی کوردە، ئەڵێ: موفتی ئەفەندی توخوا پێم ناڵێیت فەرق چییە لەبەینی کوردو کەرا؟ ئەمیش خێرا ئەڵێ: فەرق لەبەرینیانا ئەم سەرینەی. والی کە بیری ئەکەوێتەوە کە موفتی کوردە زۆر شەرمەزار ئەبێ، وە داوای لێبوردن لەموفتی ئەکا، هەر لەبەر ئەمە موفتی دەست لەهاتووچۆی والی هەڵئەگرێ مەگەر لەڕەسمیاتا نەبێ. رۆژێ والی لەڕووی گلەییەوە

PDF4Kurd

کاغەزێکی بۆ ئەنووسیّ وە ئەم ئایەتەشی تیا ئەنووسیّ کە ئەفەرمویّ (أستكبرت أم كنت من العالين) واتە ئایا فیزت کرد، یا خۆت لەیەکێك لەبڵند پایەکان ژمارد. موفتیش لە داوێنی کاغەزەکەی والی بۆی نووسییەوە (لاولا) واتە نە ئیستکبارە و نەخۆبەگەورەتر دانانە.

موفتی بەدیمەن وەرامی ئایەتەکە ئەداتەوە، بەڵام لەدڵا ئاماژە ئەدا بۆ ئەو نیوە شیعرەی کە ئەڵێ: (لا أرى القرد ولا القرد يراني) واتە نەئەمەویّ مەیموون ببینم و نەمەیموون بمبینیّ.

٧ - مەلا عەبدوڵڵای مەریوانی بە چوارپیّ دەبینیّ

مەلا عەبدوڵڵای مەریوانی، نووسەرو ئەدیبی بەرز، تۆزیّ چاوەکانی خێل بوو، لەتەوێڵە دائەنیشت. جارێکیان بەدیدەنی ئەچێت بۆ هەڵەبجە بۆلای مەحمود پاشای جاف، مەحمود پاشا لەمیانەی قسەدا لە مەلا عەبدوڵڵا ئەپرسیّ و ئەڵێ: مەلا عەبدوڵڵا ئەوە راستە کە ئەڵێن: خێل یەك بەدوو ئەبینیّ؟ ئەویش خێرا ئەڵێ بەڵێ راستە بەنیشانەی ئەوەی کەمن هەرچەند تۆ ئەبینم بەچوارپێت ئەبینم.

٨ - داود پاشاو عەمرو عومەر

داود پاشا بۆ پێکەنین رۆژیّ لەموفتی زەهاوی ئەپرسیّ و ئەڵێ: موفتی ئەفەندی ئەوە بۆچی لەمەدارسی دینیدا میسالتان بۆ (فعل و فاعل و مەفعول) هەر (ضرب زيد عمروا)ە، وە هەمیشە بەزەیدی زۆردار، لەعەمری هەژار ئەدەن؟ ئەویش کتوپڕ ئەڵێ: پاشا ئەوە لەبەر ئەوەیە کە عەمر دزە، نابینیت (واو)ێکی لەناوی ئێوە دزیوە. واتە (داوود) ئەبیّ بەدوو (واو) بنووسریّ، کەچی لە رێنووسی عەرەبیدا بەیەك (واو) ئەنووسریّ، وە عەمر کە (واو)ی تیانیە، واوێکی لەپاشەوە بۆ ئەنووسریّ تا جیابێتەوە لەعومەر. داود پاش ، کە زۆر زانابووە . زۆری پیّ خۆش ئەبیّ و جوابەکەی زۆر پیّ جوان ئەبیّ.

٩- شێخ رەزای تاڵەبانی و وەسمان پاشای جاف

هەموو ساڵیّ لەبەهارانا شێخ رەزای تاڵەبانی چووە بۆ هەڵەبجە بۆ لای وەسمان پاشای جاف و خانمی ژنی، هەشت نۆ رۆژێك لەویّ گلیانداوەتەوە، وە زۆر خزمەتیان کردووە، لەکاتی گەڕانەوەشیا پاشا لەلایەکەوە دیاری و خەڵات و بەراتی بۆناردووە و خانم لەلایەکەوە، ساڵێکیان شێخ رەزا کە ئەچیّ بۆ لایان، خانم لەماڵ ئەبیّ، بەڵام پاشا لەویّ نابیّ بەڵکو لەپێنجوێن ئەبیّ. ئەوجارە خانم لەجاران زیاتر خزمەتی ئەکا، لەدوای چوار پێنج رۆژ شێخ رەزا بەخانم ئەڵێ: حەز ئەکەم سەرێکی پاشا بدەم لەپێنجوێن، ئەویش ئەڵێ زۆر باشە. بەیانی خانم فەرمان ئەدا وڵاخی بۆ ئامادە ئەکەن، وە دیارییەکی زۆری بۆ ئەنێریّ لەگەڵ پێنج سەد قرانا، زەلامێکیش تەرخان ئەکا کە لەگەڵیا بچیّ بۆ پێنجوێن. بەیانی شێخ رەزا سوارئەبیّ و ئەچیّ بۆ پێنجوێن، پاشا کە خەبەری ئەدەنیّ زۆری پیّ خۆش ئەبیّ و ئەچیّ بەپیر شێخ رەزاوەو بەخێرهاتنێکی گەرمو گوڕی ئەکاو ئەڵێ هیوادارم کە خانم زۆر خزمەتی کردبیّ، وە هیچ گلەییەکت نەبیّ، شێخ رەزاش ئەڵێ نەبەخوا هیچ گلەییەکم نییە، تەنانەت خانم لەوەختی سواربوونا[1] پێنج سەد قڕانیشی دامیّ. پاشا دەست ئەکا بەپێکەنین ئەڵیّ: دەبا بخوا خانم ئەوا حەقی خۆی وەرگرت.

١٠ -حەمزەی ساویلکە

پیاوێك کوڕێکی ساویلکەی ئەبیّ، هەمیشە لەگەڵ خۆیا ئەیگێڕیّ و قسەی فێرئەکاو هەستان و دانیشتنی نیشان ئەدا، بەڕۆژ لەگەڵ خۆی ئەیبرد بۆ بازاڕ. رۆژیّ لەرێی بازاڕ کوڕێکیان لەپێشەوە ئەبیّ ناوی عەبدوڵڵا ئەبیّ، یەکێك لەپشتەوە

[1] شێخ ڕەزا بۆ پێکەنین لە ڕستەی (لە کاتی سواربوونی ولاخەکەدا)، تەنها وشەی (سواربوونا)ی هێشتۆتەوە.

PDF4Kurd

بانگی ئەکا عەبدوڵڵا عەبدوڵڵا سێ چوارجار لەسەر یەك ئەو کورەش ئاوڕ ئەداتەوە ئەڵێ: (کلنا عبيدالله فأى عبد تريد) واتە ئێمە هەموو عەبدی خواین، کام عەبدت مەبەستە بیڵێ. کە ئەم کورە ئەم جوابە جوانە ئەداتەوە، باوکی کورە ساویلکەکەش بەکورەکەی خۆی ئەڵێ: تەماشای ئەم کورەکە بزانە چ جوابێکی جوانی دایەوە.

ئەم کورە ساویلکەیە ناوی حەمزە ئەبێ، لەدوای چەند رۆژێك یەکێکیش ئەم کورە بانگ ئەکا ئەڵێ: حەمزە حەمزە، ئەمیش وەك هاورێکەی پێشوو ئەڵێ: (کلنا حمامز الله فأي حمزة تريد) باوکەکەی لەتەنیشتیەوە ئەڵێ: ئەی خوا موبارەکی نەکا بۆ خۆت و ئەم دەرزەی کە بۆت وەرگرتووم.

١١- زانا و شێخەکان لەقورئاندا

لەزانایەکی ژیری رۆشنبیریان پرسی ئەوە بۆچی قورئان لەزۆر لاوە ناوی زانایانی سروشت (طبيعة) ئەبا کەچی جارێك ناوی شێخ نابا؟ خێرا ئەویش ئەڵێ: بەڵێ، ناوی شێخیش ئەبا، ئەوە نییە ئەفەرموێ (هل يستوي الذين يعلمون والذين لايعلمون) الذين يعلمون زاناکانن، والذين لايعلمون شێخەکانن.

١٢-میمی (فإنّ)

لەساڵی (١٩٣١-١٩٣٢)دا دەنگ بڵاوبوو کە مەعاش ئەبرێتەوە بۆ چەند مەلایەك، بەم بۆنەیەوە چوار پێنجێك لەمەلا باشەکان کۆئەبنەوە و سکاڵانامەیەك بەعەرەبی ئەنووسن و بەشێخێکی مێزەر بەسەری نەخوێندەوارا سکاڵانامەکەیان نارد بۆ سەید ئەحمەدی عازەبانی کە کاتب بوو لەسەرادا، بەم بۆنەیەوە کە گوایا ئەو شارەزاترە لەنووسینی سکاڵانامەدا، تا بزانن سکاڵانامەکەیان باش نووسیوە، وە کەمو کوریی هەیە یان نا، کە سکاڵانامەکەی هێنایەوە، وتی: سەید ئەحمەد ئەڵێ: باشە بەڵام میمی (فإنّ)کەی لەجێی خۆیا نییە، مەلاکان وتیان: کوا (فإنّ) میمی تیایە، وتی: ئەبێ تیابێ.

١٣- سەردانەکەی شێخ رەزا و شێخ عەلی برای بۆ بەغدا

شێخ رەزای تاڵەبانی لەگەڵ شێخ عەلیی کاکیا ئەچن بۆ بەغدا میوانی نەقیبی بەغدا ئەبن، بەوبۆنەیەوە مەلاو خوێندەوارانی بەغدا ئەچن بۆ لایان. شێخ عەلی لەکۆڕی نەقیبا بە موناسەبە زۆر فەرموودەی پێغەمبەر ئەخوێنێتەوە کە یەکێکیان ئەم فەرموودەیە ئەبێ کە ئەڵێ: (دع مايريبك الى ما لايريبك) واتە هەرچی گومانت تیابوو، بەم رەنگە بڕوات نەبوو بەحەڵاڵیی ئەوشتە، دەستی لێهەڵبگرە، وە دەست بەرە بۆ شتێك کە بەحەڵاڵی بزانیت و گومانت تیانەبێ. یەکێك لەمەلا گەورەکانی بەغدا ئەڵێ: ئەم فەرموودەیە لە (رابَ يَريبُ)وە هاتووە نەك لە (أرابَ يُريب)، خێرا شێخ رەزا ئەڵێ: (إنكم لَفي شكٍ مريب)، واتە ئێوە لەگومانان، وە بۆخۆتان شك و شوبهە پەیدائەکەن. ئەم وەرامی شێخ رەزایە دوو مەعنای هەیە، یەکەم: واتە قسەکەتان جێی باوەڕ نییە و جێی گومانە. دووهەم: وتەی (مريب) لە (اراب يريب) و وەکە پشتیوانی قسەکەی شێخ عەلی تاڵەبانی ئەکات.

١٤- فەتاح بێ و ترخێنە نەخوا

پیرێژنێك تاقە کورێکی ئەبێ ناوی فەتاح ئەبێ، زۆر حەزی لەچێشتی ترخێنە ئەبێ، فەتاح نەخۆش ئەکەوێ، چەند رۆژێ کەم کەم بۆی ئەکەوێ، لەپاشا سەرومڕ لێی ئەکەوێ. دایکی زۆر بەدەوریا دێ بەڵام کورە رۆژ بەرۆژ خراپرتر ئەبێ، رۆژێ دایکی تەماشائەکا فەتاح زۆر کەشەنگە وە هیچی پێ ناخورێ، خێرا ئەچێ ترخێنەیەکی تایبەتی بۆ لێئەنێ بەدۆشاوی تەماتە و گۆشت و کفتەی وردو کشمیش و گوێزو چەوەندەرو ئەیباتە بەردەمی کە تۆزێکی بخوا، فەتاح هەر تەماشای ئەکاو دەستی بۆ نابا. دایکی ئەڵێ بەقوربانت بم بۆچی تۆزێکی لێناخۆیت؟ فەتاح ناتوانێ وەڵامی بداتەوە،

PDF4Kurd

دایکی بەهەردوو دەستی ئەماڵێ بەسەری خۆیا ئەڵێ: ئای ماڵم وێرانبێ فەتاح بێ ترخێنە نەخوات. لەو رۆژەوە ئەم رستە (جملە)یە بووە بەپەند، بەیەکێك ئەوترێ ئەو شتەی کەجارن حەزی لێبووە ئێستا نەیەوێ.

١٥- ئیسلامەتی جوولەکەیەکی سلێمانی

جوولەکەیەك بووە لەشاری سلێمانی لەسەرەتای سەدەی سیانزەهەمی کۆچیدا کە پێی وتراوە (عەبەدیا)، یەکێك بووە لەپیاو ماقوولانی ئەم شارە، ئەم جوولەکەیە زۆر هاتوچۆی شێخەکانی سلێمانی کردووە، نەخوازەڵا هی شێخ مستەفای نەقیب. رۆژێ شێخ مستەفا پێی ئەڵێ: خاڵە عەبەدیا تۆ کە ئەمەندە دۆستو خۆشەویستی ساداتی بۆ مسوڵمان نابیت؟ ئەویش کتوپڕ ئەڵێ: بەخوا ئەگەر ئیسلامەتی وەك کاك ئەحمەدی شێخە، ئەوە بەمن ناکرێ، وە ئەگەر وەك ئێوەشە ئەوا هینەکەی خۆم باشترە.

١٦- دەی خواحافیزت نەبێ

رۆژی هەینی بوو، لەمزگەوتەکەی خۆمان – مزگەوتی شێخ ئەمینی خاڵ – دانیشتبووین لەگەڵ ئەحمەدو مستەفای برامو مەلا موحەممەدی کوڕی حاجی مەلا مستەفای کوردی. تۆزێکی پێ چوو جەلال صائیبیش. بەرەحمەت بێ. هات، دانیشتین تا نزیك نوێژی جومعە، زۆر بەخۆشی رامان بوارد. مەلا موحەممەد هەستا کە دەستنوێژ بشوا بۆ جومعەو بێتەوە ناومان، بەڵام من وامزانی کە بەئێجگاری ئەڕوا وتم: مەلا موحەممەد خواحافیزت بێ، مەلا موحەممەد وتی: ناڕۆم دەستنوێژ ئەشۆمو دێمەوە. جەلال ئەفەندی وتی: دەی خواحافیزت نەبێ.

١٧-مەلا موحەممەدی کۆیە و دەروێشەکە

خواڵێخۆشبوو مەلا موحەممەدی کۆیە زۆر رقی لەدەروێشو سۆفو شێخەکانیان بوو، رۆژێك دەروێشێك ئەچێتە لای، مەلا موحەممەدیش بەخێرهاتنی ئەکاتو پێی ئەڵێت: ماڵت لەکوێیە؟ دەروێشیش ئەڵێ: قوربان ماڵی دنیاییم ئەفەرموی یا ماڵی قیامەتیم؟ مەلا موحەممەدیش ئەڵێ: کەرە ماڵی قیامەتیت بێگومان جەهەننەمە، پرسیارت لێ ئەکەم لەچ دێیەك دائەنیشیت.

١٨- نەخۆشی نەوت

لەساڵی (١٩٧٤)دا شۆڕشی مەلا مستەفای بەرزانی بوو، هیچ لەسلێمانی دەست نەئەکەوت، نەشەکر، نەچا نەخواردەمەنی. ئەو زستانە لەزستانە ساردەکان بوو، بەرمیلێ نەوت چووبووە سی دینار، ئافرەتێ زەبوونی هەناسە سارد بەیانی ئەچوو بۆ نەوتخانە بۆ تەنەکەیەك نەوت، ئێوارێ بەنائومێدی ئەگەڕایەوە. لەو ساڵەدا حاجی ئەحەرەش. بەرەحمەت بێ. نەخۆش کەت، بردیان بۆ بەغدا، دکتۆر پێی وت: حاجی نەخۆشی شەکرەتە، ئەبێ ئاگات لەخۆت بێ، حاجی ئەحمەد لەخۆشیانا کەوا شەکر دەست ناکەوێو ئەم نەخۆشی شەکرەیەتی دەستیکرد بەپێکەنین وتی: خۆزگە نەخۆشی نەوتیشم ئەبوو.

١٩- فەرموو..! عافیێتت بێ...

مەلا مەعصوم مەلایەکی زۆر باش، وە خوێندەوارێکی بەرزو باڵابوو لەفارسیو هەموو جۆرە وێژەیەکدا، خوێندنی هەمووی لای خوالێخۆشبوو مەلا موحەممەدی کۆیەدا بووە. بەیانییەکیان نەختێ درەنگ خەبەری ئەبێتەوە، کە ئەچێ بۆ ئاودەست تەماشا ئەکات وا هەموو ئاودەستێکی مزگەوت دوو سێ کەس لەبەردەمیا وێستاوە ئەمیش بەناچاری لەبەردەمی ئاودەسێکا ئەوێسێ، کابرا کە لەئاودەسەکە دێتە دەرەوە، ئەو زەلامەی کە لەپێش ئەما وێستابوو لەبەر حورمەتی مەلا مەعصوم پێی ئەڵێ: فەرموو، مەلا مەعصومیش ئەڵێ: عافیێتت بێ.

PDF4Kurd

٢٠ - سالە شێت و شێخ قادری حەفید

سالە شێت هەموو جارێ ئەچوو بۆلای شێخ قادری حەفید، شێخ قادریش پارەی ئەدایەو ئەیلاوانەوە. لەم دواییەدا سالە زۆر تێکچووبوو لەبەر ئەوە دادگا ناردی بۆ خەستەخانەی شێتان لەبەغداد، لەدوای ماوەیەك شێخ قادر ئەچێ بۆ بەغدا لەوێ سالە شێتی بیرئەکەوێتەوە وە ئەچێ بۆ لای کە پارەی بداتێ، لەوێ کە سالە ئەیبینێ ئەڵێ: شێخ قادر ئەوە تۆیشیان هێناوە بۆ ئێرە؟

٢١ - کەرەو هەنگوین دەخوات

موفتی عەبدولعەزیزو شێخ باباعەلی مودەڕیس و مەلا حسەینی پسکەندی بەدیدەنی ئەچن بۆ لای حاجی مەلا سەعیدی کەرکوکلی زادە، بەڕێکەوت مەلا سەعید هەنگوین و کەرە ئەخوات بەنانەوە،

موفتی لێی ئەپرسێ حاجی مەلا ئەوە چی ئەخۆی؟ خێرا شێخ بابا عەلی ئەڵێ: کەرەو هەنگوین ئەخوات. حاجی مەلا سەعید ئەڵێ: ئەگەر خراپەت مەبەست نییە بۆ ناڵێی هەنگوین و کەرە ئەخوات.

٢٢ - جنێوەکەی مەولەوی بۆ سەیدەکان

مەولەوی -بەرەحمەت بێ - جارێکیان دێ بۆ سلێمانی، رۆژێ ئەچێ بۆ زیارەتی کاك ئەحمەدی شێخ، لەپاشا لەوێ هەڵئەسێ و ئەچێ بۆ لای یەکێك لەشێخەکان، کە ئەچێ تەماشا ئەکا وا زۆر لەسەییدەکان لەوێ مۆڵن، وە بە کۆمەڵێی قسە لەوە ئەکەن کە ژنی ئەم عالەمە بۆ سەیید حەلاڵە، وەك مەلایەك لەخۆیان ئەم فتوایەی بۆ داون، مەولەویش لەقسەکە واقی وڕئەمێنێ، کە چۆن ئەبێ مسوڵمان ئەمە بیروباوەڕی بێ، لەکاتێکا کە قورئان شاهیدە بەسەرمانەوەو شەریعەت پایەدارە لەناومانا. ئەمیش هەروا گوێیان لێئەگرێ تا لێئەبنەوە، ئینجا لێیان ئەپرسێ ئەڵێ: ئەمەی وتتان هەروەك بیروباوەڕی خۆتانە، ئایا بیروباوەڕی ژنەکانیشتانە؟ ئەوانیش هەموو بێدەنگ ئەبن، وە لوتیان ئەچووزێتەوە، ئەم قسەیە بەکاك ئەحمەد ئەگاتەوە. کاك ئەحمەد بانگیان ئەکاتە لای خۆی و زۆریان لێ تووڕە ئەبێ، وە پێیان ئەڵێ: ئێوە تاکەی دەست لەم قسە ناشیرینە هەڵناگرن، نەخوازەڵا کە زانایەکی وەك مەولەویش حازربێ، وە ئەم جنێوە پیسەتان پێبدا.

٢٣ - دەستنوێژەکەی حاجی ئەحمەدی کوڕنوو

حاجی ئەحمەدی کوڕنوو پیاوێکی زۆر قسەخۆش و زیرەك بووە، ئەچێ بۆ حەج لەپێش زیاتر لەسەد ساڵ لەمەوپێشا، لەو سەفەرەدا رێی ئەکەوێتە شوێنێك وەختی نوێژ ئەبێ، ئەیەوێ دەستنوێژ بشواو نوێژ بکا، شوێنێکی نیشان ئەدەن لوولینەی ئاوی زۆری لێئەبێ، ئەمیش دەست ئەداتە لوولینەیەك ئەیبات بۆ سەر ئاودەست، دوو لوولینەش ئەبا دەستنوێژی پێ ئەشوا، کە لێئەبێتەوە لە دەستنوێژەکە، خاوەن لوولینەکە داوای پارەی ئاوەکەی لێ ئەکا، ئەمیش سەری سووڕئەمێنێ، چونکە لەکوردستانەوە چووە کە هەمووی کانیی و کارێزو تاڤگەو چەم و رووبارو ئاوی ساردو ساف و سازگارەو ئەڵێ: چۆن ئاو بەپارە ئەفرۆشرێ؟ خاوەنی لوولەکانیش ئەڵێ: لێرە وایە بەبێ پارە ئاو نادەین. وادیارە حاجی ئەحمەدیش پارەی پێ نەبووە، لەبەر ئەوە قنگێك ئەکاتە کابراو تڕێکی بۆ ئەکەنێ، ئەڵێ: ئەوە خۆت و دەستنوێژەکەت.

٢٤ -مۆرەکەی شاکر

سەید ئەحمەدی خانەقا - بەرەحمەت بێ - بۆیگێڕامەوە وتی: شێخ مستەفای کوڕی شێخ عەبولسەمەدی قازی پیاوێکی زانای داناديدەو شاعیری قسەخۆش بوو، هەموو ساڵێك پایزان و بەهاران دەعوەتم ئەکرد، جاری هەشت نۆ رۆژ ئەمایەوە لام بەقسەی خۆش رامان ئەبوارد، رۆژێ دوای عەسر لەخانەقا دانیشتبووین، وە میوانێکی زۆرمان لەلا

PDF4Kurd

دانیشتبوو، شاکرە ئەفەندی ناوێکی تەقاویتی عەسکەری بوو، ئەویش لەناویانا بوو، باسی خەتخۆشی کرا، شاکرە ئەفەندی وتی: ئەو دەمەی کە لەئەستەمبوڵ بووم خەتخۆشێك لەنزیك بارەگای خەلافەتەوە بوو، مۆری هەڵئەکەند پیتی بەلیرەیەك، واتە ناوەکە چەند پیت بووایە ئەوەندە لیرەی ئەسەند. لەپاشا ئەڵێ: من مۆرێکم پێ هەڵکەند بەچوار لیرە، مۆرەکە دەرئەهێنێ و ئەیداتە دەست سەید ئەحمەد، سەید وتی: منیش تەماشامکرد خەتەکە زۆر خۆشبوو، وە دوای من هەروا دەست بەدەست لەلای راستەوە وەریانگرت، ئەم بەوو ئەو بەم، تا هاتە سەر شێخ مستەفا کە لەتەنیشتی لای چەپمەوە دانیشتبوو. شێخ مستەفا هەر لێی وردئەبووەوەو بزە ئەیگرت، زانیم کە قسەیەکی خۆشی پێیە، ئاخریەکەی درکاندی و وتی: بەخوا کەرەکەی کەری چاکە.[1]

٢٥- (خس) بوو بە (حسن)

هەر ئەم شاکر ئەفەندییە گێراویەتییەوە بۆ سەید ئەحمەد، کە من بەدیار مۆرەکەی خۆمەوە دانیشتبووم یەکێك هات بۆلای مۆرهەڵکەنەکە کە مۆرێکی بۆ هەڵکەنێ، ئەویش لێی پرسی ناوت چییە؟! وتی ناوم (خس)ە، مۆرهەڵکەنەکە وتی: خس چییە؟ وتی: بە عەرەبی بە مەعنا کاهووە، وتی باشە. مۆرەکەی من تەواوبوو، پارەکەمدا، بەڵام مامەوە تا بزانم ئەم خسە ئەبێ بە چی، کە مۆرەکە تەواوبوو، وە هاتە سەرئەوەی نوقتەی سەر (خێ)یەکە دابنێ، کابرا بە مۆرهەڵکەنەکەی وت: تکا ئەکەم نوقتەی (خێ)کەن لەناو ماڵی (سین)ەکەدا بۆ دابنێ. کە نوقتەی بەوجۆرە دانا، تەماشایکرد ناوەکە بووە بە (حسن) کە سێ پیتە، وە کابرا لیرەیەکی زەرەرکرد.

٢٦- ژنهێنانی کاکە مەلا

کاکە مەلا کابرایەکی زرتەبۆزی، ملهوڕی، چوارشانەی، کەتەی، تێکسمڕاوی داڕێژراوبوو، لەتەمەنی (٢٥) ساڵیدا ژنێکی جوانی، شەنگو شۆخ و باڵا لاولاوی ناوقەد باریك ئەهێنێ. دوای شەش حەوت مانگ رابواردن و کەیف کردن، مەلا ئەحمەد – بەرەحمەت بێ– بەکاکە مەلا ئەگاو ئەحواڵ پرسییەکی گەرمو گوڕی لەگەڵ ئەکاو پێی ئەڵێ: خوا یاربێ بەمزووانە زاڕۆڵەیەکی زیرەکمان ئەبێ. کاکە مەلاش ئەڵێ: نەبەخوا هیچمان بەدەستەوە نییە، مەلا ئەحمەد ئەڵێ: چی چی، ئەوە ئەڵێیت چی، ئەویش ئەڵێ: بەخوا هیچمان دیار نییە، مەلا ئەحمەد ئەڵێ: بەخوای ئەرزو ئاسمان وام نەزانی بوو، کەچی وادیارە سنگ شێری ماکەر پشتیت.

٢٧-میراتییەکەی شێخ مەعروف

لەپێش ئەوەی خوالێخۆشبوو شێخ عومەری قەرەداخی بچێتە سەر خانەقای مەولانا خالید بەیانیان ئەچووم بۆ خزمەتی دەرسی ئیستعارەی مەلا ئەبوبەکرم لا ئەخوێند، لەکاتی دەرسەکەدا هەستم پێئەکرد کە کەیف خۆش نییە، منیش لێم پرسی کە ئەمڕۆ خەفەتێکت هەیە، وتی بەخوا راست ئەکەی کاکم شێخ مەعروف نەخۆشە بچۆ بۆلای ئەحواڵێکی بپرسە، منیش هەستام چووم بۆ هۆدەکەی تەماشامکرد خشتێکیان بۆ گەرمکردووە لەسەری دانیشتبوو، وە خشتێکی تریان بۆ گەرمکردووە پاڵی پێوە ناوەو خاولییەکیشیان بۆ گەرمکردووە ناویەتیە سەر سکی، منیش ئەحواڵ پرسیم کردو وتم ئەوە چ خێرتە؟ وتی: سکم ئێشێ، هەموو مانگێك جارێ یا دوو جار تووشی ئەم سکیەشەیە ئەبم، لەپاشان بەخەمو خەفەتێکەوە وتی: خەڵقی ئەمرێ ئاوبارەو بەکرەجۆ بەجێدێڵێ بۆ مناڵەکانی، من باوکم مردووە سکیەشەی بەکەلەپوور بۆ بەجێهێشتووم، قسەکەیم ئەوەندە پێخۆشبوو نیازم بوو دەست بکەم بەپێکەنین، بەڵام خۆمگرت هەرچەندە هەستیشی پێکرد.

---

1 واتە کافو رێی ناوەکە، کە شاکرە ـ زۆر جوانە، بەڵام بەمجۆرەی دارشت تا نیشان بدا کە مۆرێك بۆچی ئەبێ چوار لیرەی زێڕی پێ بدرێ.

PDF4Kurd

٢٨ - شێخ یونس...... فص

شێخ یونس ناوێك بووە لەسلێمانی پیاوێکی تووڕەو بەسەزمان بووە، هەرچەندە لەماڵ هاتبێتە دەرەوە منالان دوای کەوتوون بەشێخ فص شێخ فص، ئەم پێی وتووە: شێخ یونس فص، ئەو پێی وتووە شێخ فص. ئەمیش تووڕە بووە و جنێوی پێ داون. وادیارە کاك ئەحمەدی شێخ . بەرەحمەت بێ . بەزەیی پیا هاتۆتەوە. رۆژێك شێخ یونس ئەچێت بۆ لای کاك ئەحمەد، کاك ئەحمەدیش بەسەریا دێ ئەڵێ: یاشێخ تۆ بۆ لەقسەی ئەو منالانە تووڕە ئەبیت وە خۆت بۆ دڵگیر ئەکەیت، من بم لەجیاتی تۆ جواب نادەمەوە، شێخ یونسیش بەدەنگی بەرز هەشت نۆ جار بەکاك ئەحمەد ئەڵێ: کاك ئەحمەد فص، کاك ئەحمەد فص، کاك ئەحمەد فص. کاك ئەحمەد تووڕە ئەبێ و ئەڵێ: من ئەڵێم چی و تۆ ئەڵێیت چی، ئەویش ئەڵێ: قوربان تۆ بەسێ چوار جار تووڕە بوویت، من لەسەد لاوە سەد جارم پێ ئەڵێن چۆن تووڕە نابم؟ کاك ئەحمەد بێدەنگ ئەبێ.

٢٩ -دوعاکەی شێخ خراپتری کرد...!

ئافرەتێك منالێکی ئەبێ هەموو شەوێك میز ئەکات بەخۆیا، دایکەکەی هەرچەندە داودەرمانی ئەداتێ بێکەڵك ئەبێ، لەپاشا ئەیباتە لای شێخێك و کەللەیەك شەکریشی سەرقەڵەمانە بۆ ئەبا و پێی ئەڵێ: ئەم منالە هەموو شەوێك میز ئەکات بەخۆیا، هێناومە کە دوعایەکی بۆ بنووسی تا چاك ببێ. شێخەکەش دوعایەکی بۆ ئەنووسێ، ژنەکە دوعاکە لەمشەمائەگرێ و ئەیدروێ بەشانی منالەکەدا، شەو منالەکە ئەنوێ و دایکی بەتەمای ئەوە ئەبێ کە منالەکە میزی نەکردبێ بەخۆیا، بەلام بەیانی کە منالەکە هەڵئەستێ لەخەو دایکە تەماشائەکا وا لەگەڵ میزەکەدا گوشی کردووە بەخۆیا، دایکەکە ئەدا بەسەری خۆیاو پەلەپەل منالەکە هەڵئەگرێ و ئەیباتەوە لای شێخەکە، ئەڵێ: بەقوربانت بم ئەمشەو لەگەڵ میزەکەدا گوشی کردووە بەخۆیا، وا هێناومە دوعایەکی تری بۆ بنووسە وەکو جارانی لێ بێتەوە.

٣٠ -سەگ و گورگەکەی حاجی مەلا جەلال

حاجی مەلا جەلالی کوڕی مەلا حەسەنی ئابلاخ بوو پیاوێکی بەسەزمان و گێلۆکە بوو، هەرچەند لەگەڵ شێخ مستەفای شێخ مەعروفی قەرەداغی و شێخ موحەممەدی خەتیبا کۆببوایەتەوە زۆر گاڵتەیان پێ ئەکرد نەخوازەلا شێخ مستەفا. رۆژێکیان حاجی مەلا جەلال وە دوو سێ مەلای تر لەوێ ئەبن، مەلا جەلال لەپەنجەرەی ژوورەکەوە تەماشا ئەکا وا شێخ مستەفاو خەتیبیش هاتن بۆ ئەوێ، ئەویش لەژێر لێوەوە ئەڵێ: وا سەگ و گورگەکان هاتن، یەکێك لەمەلاکان گوێی لێ ئەبێ کە شێخ مستەفاو خەتیب دێنە ژوورەوە دائەنیشن مەلاکە ئەڵێ: بەخوا سکی من عەماری کەس نییە ئێوە کە هاتن و لەدوورەوە دەرکەوتن حاجی مەلا جەلال وتی وا سەگ و گورگەکان هاتن. شێخ مستەفا دەست ئەکا بەپێکەنین و بەمەلا جەلال ئەڵێ: بەخوا وابزانم سەگەکە منم، مەلا جەلالیش پێئەکەنێ و ئەڵێ بەخوا راست ئەکەی ئافەرین شێخ مستەفا بۆ خۆت و زیرەکیت.

٣١ - هێلکەکانی رەشۆڵ و قایمقام

رەشۆڵی دەنگخۆش موتەعەهیدی یانەی فەرمانبەران ئەبێ لەشەستەکانی سەدەی رابردوودا، نادی هێلکەی لێ ئەبڕێ و ئەچێ بۆ لای قایمقامی مەرکەزی سلێمانی و داوای (٣٠) تەبەق هێلکەی لێ ئەکا و پێی ئەڵێ: ئەندامانی نادییەکە هەموو شەوێك داوای هێلکەو رۆن و مێخلەمەو ئەمجۆرە خواردەمەنیانەم لێئەکەن، ئەویش نایداتێ. رەشۆڵ بەدڵگیری هەڵئەسێ و ئەڕوا. دوای مانگێك رەشۆڵ سەرێکی رەئیسی صحە ئەدات لەخەستەخانە تەماشا ئەکات قایمقام لەوێ دانیشتووە،

PDF4Kurd

ئەویش تۆزێ دائەنیشێ‌و ئەیەوێ پلارێ بگرێتە قایمقام، رووئەکاتە رەئیسی صحەو ئەڵێ: جاران قایمقام ئیشی زۆر گرنگی بەدەستبوو، وەك ئەگەر دوو تیرە بچوونایە بەگژیەکدا سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەبەغدا تەلەفونی ئەکرد بۆ قایمقام کە بچێ ئەو دوو تیرەیە ئاشت بکاتەوە، ئەویش ئەچوو ئاشتی ئەکردنەوەو چەکی پێ دائەنان. بەڵام قایمقامەکان ئێستا بەهێلکە فرۆشتنەوە سەریان قاڵە.

PDF4Kurd

٣٢-مەولانا خالیدو دەمکوتکردنی شێخ عەلی سویدی

حەزرەتی مەولانا خالیدی نەقشبەندی کە سلێمانی بەجێهێشت چوو بۆ بەغدا بەئێجگاریی نەهاتەوە، لەوێ زۆر بەرێز بووە، بچوایەتە هەر کۆڕێکی گەورەوە دانیشتووانی ئەو کۆڕە هەموو روویان تێئەکرد. رۆژێ لەرۆژان مەولانا ئەچێ بۆ تەعزێیەکی زۆر گەورە، کە ئەچێ شێخ عەلی سویدی لەوێ ئەبێ وەعز ئەخوێنێ بۆ دانیشتووانی ئەو تەعزێیە، وە خەڵقەکە هەموو روویان تێکردووەو گوێیان بۆ گرتووە. کاتێ کە مەولانا دەرئەکەوێ هەموو هەڵئەستن لەبەری رووئەکەنە ئەو، شێخ عەلی لەمە زۆر قارس ئەبێ، وە ئەیەوێ مەولانا بشکێنێ لەو کۆڕەدا، رووئەکاتە مەولانا ئەڵێ: جەنابی شێخ زۆر لەعولەمای کوردی ئەمڕۆ دەستورو عادەتێکی زۆر ناشیرینو خراپیان هەیە، کە لەسەرەتای خوێندنیانەوە تا مردنیان هەر خەریکی فەلسەفەو حیکمەتی یۆنانی ئەبن، وە تا ئەمرن ئاوڕێك نادەنەوە بەلای قورئانو فەرموودەی پێغەمبەرەوە، بەپێچەوانەی زانایانی عەرەب، کە ئەمان تا مردن هەر خەریکی قورئانو فەرموودەی پێغەمبەرن. مەولاناش ئەڵێ: بەڵێ وایە وەك فەرمووت، بەڵام بەداخەوە هەردوولا هەر بۆ راوی دنیاو پایەو ناونیشان ئەخوێنن، هیچیان بەو خوێندنە خواو رۆژی دوایی مەبەس نییە، ئینجا کەوابوو راوی دنیا بە (قال الله وقال رسول الله) زۆر ناشیرینترە لەراوی دنیا بە (قال ئەفلاتوونو قال ئەرەستۆ). بەڵێ ئەگەر هەردوولا مەبەستیان بۆخوابێ کردەوەی بەشی زۆری برا عەرەبەکانمان باشتر ئەبوو. بەم وەرامە دەمکوت ئەبێ وە ئیتر دەم ناکاتەوە تا هەڵئەسێ ئەڕوا.

ئەم دەمەقاڵێیە زۆر بەپێزە. سەید مەحمودی ئالوسی، خاوەنی تەفسیری (روح المعاني) ئەیگێڕێتەوە لەکتێبی (نزهة الألباب)یا، وە لەداوێنی داستانەکەوە زۆر پەسەندی مەولانا ئەکا لەسەر ئەم بەرگرییەی کە کردوویەتی بەدوو وتەکە ئەڵێ: (ما أغيره وأغوره) واتە تەماشاکەن تا چەند بەغیرەتە، وەتا چەند قسەکەی قووڵە.

٣٣-کتێبەکەی بن باخەڵی شێخ رەسوڵ

لەدەوروبەری ساڵی (١٢٤٠)ی کۆچی لە سلێمانیدا شێخ رەسوڵ ناوێك بووە، مەلایەتییەکی مامناوەندی بووە، بەڵام خۆی بەمەلایەکی زۆر بەرزو بڵند زانیوە، هەمیشە کتێبێکی شەرحی گولنبوی لەبن چنگا بووە، بەهەرلایەك گەیشتبێ دەستی ئەکرد بەپرسیارلێکردنی. رۆژێکی هەینی تووشی موفتی زەهاوی ئەبێ لەحەوشی مزگەوتی گەورەدا . کە هەرچی مەلاو خوێندەواری شاری سلێمانی بووە لەوێ بووە . دەست ئەکا بەپرسیارلێکردنی، ئەویش دەست ئەکا بەوەرامدانەوەی، نەپرسیارێك نەدوو نەسێ، چی پرسیاری لێئەکا موفتی زەهاوی خێرا وەرامی ئەداتەوە، لەپاشا ئەوێستێ، ئینجا زەهاوی پرسیارێك لەو ئەکا پەکی ئەکەوێ، وە بەم بۆنەیەوە زەهاوی ئەم شیعرە هەڵئەدا بەسەریا کەنیوەی فارسی و نیوەی کوردییە، وە لەشێوەیەکی گاڵتەپێکردنایە، ئەڵێ:

شەرحی گولنبوی در بَغَل، با خەلق میازد جەدەل

چوون خەربمانەد دەر وەحەل، ئوز نەیەنی بگرەو باریکە

واتە کتێبێکی شەرحی گولنبوی لەبن باخەڵایە، بەهەر مەلایەك بگا پرسیارێکی لێئەکا، کەچی پرسیارێك لەخۆی بکەیت وەك کەر لەقوڕا ئەچەقێ، ئەو حەلە هەردوو گوێی بگرەو باریکە.

٣٤- پارێزگاری سلێمانیو شێخ قادری حەفید

مەعروف جیاووك پارێزگاری سلێمانی بوو، وە چووبوو بەگژ شێخ قادری برای خوالێخۆشبوو شێخ مەحموددا، وە هەر رۆژە نەڕۆژێ شێخ قادر سکاڵانامەیەکی بەهێزی لەپارێزگاری سلێمانی ئەدا بەوەزارەتی ناوخۆ لەبەغداد. خێرەومەندانیش بەپارێزگاریان ئەوت: ئەم سکاڵانامانە ئەحمەدی عەزیز ئاغا بۆ شێخ قادری ئەنووسی، پارێزگاریش لەدڵا زۆر رقی لە ئەحمەدی عەزیز ئاغا هەستابوو، بەڵام هێشتا بەتەواوی ئەم قسەیەی بۆ ساغ نەبووبۆوە. رۆژێ حاجی سەعید ئاغا ئەچێ

PDF4Kurd

بۆ سەرا بۆ لای پارێزگار، لەپاشا کە هەڵئەستێ بەبەردەمی ژوورەکەی ئەحمەدی عەزیز ئاغادا ئەگەڕێتەوە، کە ئەگاتە بەرقاپی ژوورەکەی ئەحمەد، قاپییەکە ئەکاتەوەو سەرێك ئەباتە ژوورەوە ئەڵێ: ئەحمەد رۆڵە تۆ بۆ نایەڵیت شێخ قادرو پارێزگار ئاشتیان بێتەوە. ئەحمەدی عەزیز ئاغا راست ئەبێتەوە ئەڵێ: حاجی ئاغا بۆ خاتری خوا من ئێستا وەك کەڵەشێری لۆقەنتە وام، لەهەر کاتێکا سەرمبڕن سەرم ئەبڕن، من بەرگەی ئەم قسەی ناگرم کە تۆ پێم ئەڵێیت، من دەخڵم چییە بەسەر ئەم نەهەنگانەوە کەوا شەڕە چەقۆیانە.

٣٥- (میاو)ەکەی ئەحمەدی عەزیزئاغا

ئەحمەدی عەزیز ئاغا . بەرەحمەت بێ . پیاوێکی ناسراوی خۆشەویستی قسەخۆش بوو لەشاری سلێمانیدا، قسەخۆشەکانی بەسەر زمانی هەموانەوە بوو، رۆژێکیان لەدوای دەوامی دائیرە دێتە ماڵێ، ژنەکەی بەلەمێك یاپراخی پڕ لەگۆشتو بەزو پەراسوو ئەخاتە بەردەمیو دەست ئەکا بەخواردنی. پشیلەیەکی ماڵییان ئەبێ بۆنی یاپراخەکە ئەکاو دێتە بەرامبەر ئاغاو دەست ئەکا بەمیاواندن. ئاغاش پارچەیەك گۆشتی بۆ هەڵئەدا پشیلەکە ئەیخواو دەست ئەکاتەوە بەمیاواندن، پارچەیەکی تر گۆشتی بۆ فڕێ ئەدا ئەیخواو ئەڵێ میاو، ئەمجارە پەراسوویەکی بۆ هەڵئەدا، ئەیخواو ئەڵێ میاو. ئاغا هەر فریای ئەوە ئەکەوێ گۆشتو بەز پەراسووی بۆ هەڵدا، تا ئاغا هەراسان ئەبێ. وا دەرئەکەوێ نسیبی پشیلەکە لەگۆشتو چەوریو پەراسوو زیاتربێ لەنسیبی ئاغا. ئەحمەدی عەزیز ئاغا ناچار بە پشیلەکە ئەڵێ: فەرموو وەرە جێگەکەمو من میاو.

٣٦- رەوتەنییەك لەنێوان سورەتی (البقره)و (فیل) دا

ئەگێڕنەوە کە رەوتەنییەك دەمەو بەیان ئەگاتە شارێك، لەمزگەوتێکەوە بانگ ئەدرێ، ئەمیش ئەچێتە مزگەوتەکە بۆ دەستنوێژگرتنو نوێژکردن، دوای دەستنوێژگرتن مەلا دێو جەماعەت دائەبەسترێ، مەلا دوای فاتیحە دەست ئەکا بەخوێندنی سوورەتی (البقرة) کە دوو جزمو نیوە، وە (٢٨٦) ئایەتە، دوای هەتاوکەوتنێکی درەنگ لەنوێژەکەیان ئەبنەوە. کابرای رەوتەنی زۆر هیلاك ئەبێ، لەیەکێك ئەپرسێ ئەڵێ: ئەم سوورەتە درێژە چی بوو کەمەلا خوێندی، وە دوو سەعاتی پێچوو؟ ئەڵێ: سوورەتی بەقەرە بوو. کابرا دوای چەند رۆژێك ئەگەڕێتەوە بۆ ماڵی خۆی بەڵام داخی ئەو نوێژەی هەر لەدڵا ئەبێ. دوای چەند ساڵێکی تر کابرا دووبارە رووئەکاتەوە ئەو شارە، وە دەمەوبەیان ئەگاتەوە شارەکەو مزگەوتەکە، وە ئەچێتە ژوورەوەو دەستنوێژ ئەگرێو نوێژەکەی بەجەماعەت دائەبەستێ. ئیمام دوای فاتیحە دەست ئەکات بەخوێندنی سوورەی (الفیل) وە ئەڵێ: (الم تر کیفَ فَعلَ ربُّكَ بأصحاب الفیل) کابرا کە گوێی لەناوی فیل ئەبێ خێرا نوێژەکەی ئەبڕێ، وە لەدڵی خۆیا ئەڵێ چەند ساڵێك لەمەوپێش بە سێ سەعات ئەم نوێژەی بەیانییەمان کرد، وە لەدەست سوورەتی (بقرة) رزگارمان بوو، ئەمجارە بەشەش سەعات لە سوورەتی فیل رزگارم نابێ، لەگەڵ ئەویشە کە پێنج ئایەتی بچکۆلانەیە.

٣٧- لێزانی فەقێکان

لەباپیرم بیست فەرمووی لەکاتی عەبدوڕڕەحمان پاشای بابانداٰ[٩] مزگەوتەکانی سلێمانی فەقێی زۆریان تیابووە. مانگی رەمەزان دێ فەقێکان تەماشائەکەن لەنانی رەق زیاتر هیچێکی وایان نییە کە بەربانگو پارشێو بیخۆن، دوو سێیەکیان دائەنیشن دوو شیعری فارسی رێك ئەخەنو بۆی ئەذێرن ئەڵێن:

ماهی رمضان آمدو مارارەم ئەزانت

[٩] ئەم عەبدالرحمن پاشایە زانایەکی دینی زۆر پایەبەرز بووە لەو زانینەی کە لەو رۆژەدا لەمزگەوتەکانا خوێنراوە، وەخۆی ئەم مزگەوتەی کە ئێستا پێی ئەڵێن مزگەوتی سەید حەسەن دروستیکردووە.

PDF4Kurd

مارارەم ئەزانیت کە ماه رمضانت

مارا رەم ئەزانت کە ماه رەمضان نت

در حجر نەناتت و نەئابت و نەچایی

عەبدوڕڕەحمان پاشا کە شیعرەکان ئەخوێنێتەوە بەچێشتکەری ماڵی خۆی ئەڵێ: نووسەرێك لەگەڵ خۆت هەڵگرەو بچۆ بزانە سلێمانی چەند مزگەوت و هەر مزگەوتێك چەند فەقێی تیایە، ناویان و ژمارەیان بنووسن، وە ئەم مانگی ڕەمەزانە بەسێ ڕۆژی جەژنەوە هەموو ئێوارەیەك و پارشێوێك لەو خواردنەی کە بۆ من ئەکرێ سینییەك یان دوو سینی زۆر چاك بنێرە بۆ فەقێی ئەو مزگەوتانە. ئەو سی و سێ شەوە عەبدوڕڕەحمان پاشا چیی خواردووە، ئەو فەقێیانە ئەو خواردەمەنییەیان خواردووە بەتێرو تەسەلی.

٣٨ - گەمژەیەك نوێژی جومعە پەك دەخات!

دێهاتەکانی کوردستان زۆریان لەهاویندا جومعەیان تیا ناکرێ، چونکە پیاوەکانی هەموو ئەچنە سەر کشتوکاڵ و باخ و باخاتیان، وە چل کەسی تیانامێنێتەوە تا جومعەیان پێ تەواوببێ، بەڵام لەزستاندا بەشی زۆری دێهاتەکانی جومعەیان تیائەکرێ چونکە زەلامەکانی هەموو لەماڵەوەن، هەروەك دێهاتی واشیان هەیە کە چوار فەسڵە جومعەیان تیائەکرێ، لەم دێهاتانە جومعەیەکیان (٣٩) کەس کۆئەبنەوە، وە لەسەر زەلامێك جومعەکەیان پەکی ئەکەوێ، مەلاکەیان پەلەپەلی پێئەکەوێ بۆ تاقە زەلامێك، لەبەر ئەوە ئەچێتە سەربانی مزگەوتەکەو بەهەرچوارلادا ئەڕوانێ بۆ یەکێك کە بە دیی بکات و جومعەکەیان لەگەڵ بکات. لەدوای ماوەیەك لەدوور زەلامێك ئەبینێ، بانگی ئەکاو جبەکەی بۆ ڕائەوەشێنێ، کابرا دێ بەدەنگییەوە ئەڵێ: مەلا چیت ئەوێ؟ مەلاش ئەڵێ هەموو جومعەیەك جومعەمان کردووە، ئەم جومعەیە (٣٩) کەسین، لەسەر زەلامێك پەکمان کەوتووە،تۆ وەرە با ببین بەچل کەس و جومعەکەمان بکەین، کابرا ئەڵێ: ئەی بە (٣٩) کەس جومعە ناکرێ؟ مەلا ئەڵێ: نەء، ئەبێ چل کەسبین، کابرا ئەڵێ: ئێستا ئەگەر من نەیەم ئەم جومعەیە پەکی ئەکەوێ؟ مەلا ئەڵێ: بەڵێ، کابرا ئەڵێ: دە بەخوا من نایەم، مەلا ئەڵێ: بۆچی؟! کابرا ئەڵێ: چونکە تا ئێستا هەزاران جار لەئیشێك پەکم کەوتووە، وە داوام لەخوا کردووە کە بۆم جێبەجێ بکا، بۆی نەکردووم، ئەمجارە خوا ئەم ئیشەی کەوتۆتە من، بەخوا منیش بۆی ناکەم، با جومعەکەی پەکی بکەوێ، وە کابرا لووس و باریك ئەگەڕێتەوە و ئەڕوا.

٣٩ - مانگا ئیزرائیلەکە

پیرەژنێك تاقە کچێکی ئەبێ زۆری خۆش ئەوێ، کچە نەخۆش ئەکەوێ دایکەکەی ئاگری تێ بەرئەبێ، شەوو ڕۆژ بەدیاریەوە ئەبێ خزمەتی ئەکا. کچە ڕۆژ بەڕۆژ ئەپووکێتەوە، وە بێ ڕەنگ و بێ کەیف ئەبێ، وە ئارەزووی خواردن و خواردنەوەی نامێنێ، دایکە ئەکەوێتە هەڵپەو پەلەپەل، دەمێ ئەچێ بۆلای شێخ و مەلا نوشتە بۆ کچەکەی ئەنووسن، دەمێ ئەیبیا بۆ سەر قەبری مەشایخ و پیاوچاکان شەفاعەتی بۆ بکەن، دەمێ بۆ لای پزیشك. بەڵام هەمووی بێکەڵك بوو. کچە ڕۆژ بەڕۆژ ئەپووکایەوە وەك مۆمێك کە لەکوژانەوەدابێ. دایکە هیچی بۆ نەمایەوە ئەوە نەبێ کە خۆی بکا بەباڵا گەردانی. بەیانی سەبای ساڵحان دایکە ئەچێتە ژووری کچەکەی حەوت جار خۆی بەدەوریا ئەگێڕێ و ئەپاڕێتەوە لەخوا کە بیکا بەقوربانی، وە هەر بەڵایەك بۆ ئەو دێتە خوارەوە لەچوار پەلی ئەم کەوێ. لەو کاتەدا کە دایکەکە خۆی ئەگێڕێ بەدەوری کچەکەیا، مانگای یەکێك لەدراوسێکانی دێتە حەوشەی ماڵەکەی ئەم، وە دیزەیەکی قاورمە کە خاڵی بووە، لەگۆێ حەوز دانراوە بۆ شتن، مانگاکە سەری پیائەکاو ئەیلێسێتەوە. دایکەکە دوای خۆگێڕان بەدەوری کچەکەیدا دێتە دەرەوە، لەتەقەی پێی ئەم مانگایە، کە سەر بەرزئەکاتەوە سەیرئەکا دیزەکە لەسەری و لەشاخەکانی ترنجاوە، ژنەکە چاوی بەم دەعبایە ئەکەوێ، وا ئەزانێ کە ئەمە ئیزرائیلەو بۆ گیانی ئەم هاتووە کەوا خۆی گێڕاوە بەدەوری کچەکەیا، خێرا پەشیمان ئەبێتەوە، وە بەمانگاکە ئەڵێ: بەقوربانت بم نەخۆشەکە ئەوەتا لەژوورەوە، وە بەهەردوو دەستیشی ئاماژەی بۆ ئەکا.

PDF4Kurd

٤٠- بەبۆنەی باسی ریشەوە چەند شیعرێکی شێخ رەزای تاڵەبانیو چەند شاعیرێکی تر هەن کە زۆر جوانن لێرەدا ئەیان نووسین.

شێخ رەزا لە هەجووی حەمەی وەستا فەتاحدا ئەڵێ:

هەزار ئەفسوونو جادووی پێوە ئاوێزانە ئەم ریشە
عیلاجی گەر ببێ یا گوێزە یا گوێزانە ئەم ریشە
بەتەحریکی تەڵێکی سەد هەزار نەفسی بەکوشتندا
رەئیسی حیلەکاران، شای قوماربازانە ئەم ریشە
بەبای سەرسەرِ لەشوێن خۆی ناجمێ، ریشی ئەمەند سەختە
بەبێ حیکمەت نییە گەر جار بەجار لەرزانە ئەم ریشە
بە ظاهیر سافە وەك زیوی سپی، ئەمما لە باطندا
رەشو پیسو مولەووەس، وەك بنی قازانە ئەم ریشە
بەمەکرێ ئەم رەتێنێ حەزبکا هەر لێرە تا موکریی
پەناهمەدەی خودایا، خاوەنی زۆرزانە ئەم ریشە
کە سەیرمکرد دەزانم شێخ لەمن مەسرووره یا عاجز
حەمەی وەستا فەتاح بۆ ماڵی من میزانە ئەم ریشە
هەزار هەوسارو دەستبەندو گوریسی لێ دروست ئەکرێ
بەسەد باتمان خوریی گەر دەستکەوێ هەرزانە ئەم ریشە[1]

٤١- هەر لەزەمی حەمەی وەستا فەتاحا ئەڵێ:

حەمەی وەستا فەتاح سەد بارك الله لەم سەرو ریشە
کە گوێدرێژی بەتەنها چۆن ئەبا ئەم بارە قامیشە
لەسەد باتمان خوریی زیاتر نەبێ کەمتر نییە وەزنی
سەرت چۆنی هەڵئەگرێ من سەرم سوورماوە لەم ئیشە[2]

٤٢- شێخ ئیسماعیلو بەرماڵی کۆڵی تانجییەکە

لەباپیرم بیستووە ئەیفەرموو: باوکم هەموو جارێ ئەیگێڕایەوە کە شێخ ئیسماعیل ناوێك بووە لەگەڕەکی گۆیژە لەنزیك مزگەوتی خۆمانەوە، پیاوێکی پیر بوو، دوو سێ کوڕی گەورە گەورەی بوو، رۆژێك شێخ ئیسماعیل ئەچێتە ماڵەوە تەماشائەکا وا تانجییەك لە حەوشەکەیا بەسراوەتەوە، لەکوڕەکانی ئەپرسێ ئەمە چییە؟ ئەوانیش ئەڵێن: تانجی راوە،

[1] دیارە مەبەستی شێخ رەزا پلارگرتنە لە حەمەی وەستا فەتاح نەك ریش، چونکە شێخ رەزا خۆییو بنەماڵەکەی ریشی درێژیان هەبووە.

[2] بە هەمان شێوەی پێشوو مەبەستی شێخ رەزا پلارگرتنە لە حەمەی وەستا فەتاح نەك ریش.

PDF4Kurd

کرێومانە راوی پێئەکەین. ئەویش توورە ئەبێ ئەڵێ: ئەم سەگە گلاوە، نابێ لەم ماڵی مندا بێ، ئەوانیش ئەڵێن: بابە ئەمە کەروێشکو ئاسکمان بۆ ئەگرێو گۆشتەکەیان ئەخۆین، شێخ ئیسماعیل هەر ئەڵێ: نابێ لەم ماڵەدا بمێنێتەوە، ئەوانیش بەقسەی ناکەن. شێخ ئیسماعیل ئەتۆرێ ئەچێ بۆ مزگەوت، شەوو رۆژێ لەمزگەوت ئەمێنێتەوە، سبەینێ کوڕەکان ئەچن بۆ راو سێ کەروێشکی گەورەی قەڵەو ئەهێننەوە، خێرا دەست ئەکەن بە کەوڵکردنو پاککردنیو گۆشت برژاندن، ماڵ پڕئەبێ لەبۆنی گۆشتی برژاو، ئینجا یەکێك لەکوڕەکان ئەچێ بەشوێن باوکیا، باوکی ئەڵێ سەگەکە ماوە لەماڵەکەدا؟ ئەڵێ نەء، ئەڵێ: دە باشە، تۆ بڕۆ وامنیش دێمەوە. شێخ ئیماعیل لەمزگەوت دێتە دەرەوە، بۆنی گۆشتی برژاوی بەسەرا ئەچێ، زۆر ئارەزووی گۆشت ئەکا، چونکە شەش مانگە گۆشتی نەخواردووە، رووئەکاتە ماڵی خۆیان تەماشائەکا بۆنی گۆشتەکە لەماڵەکەی ئەوانەوە دێ، باوەڕ ناکا کە ئەوە ماڵی خۆیانە، پاشەوپاش دێتە دواوە، قاپی دراوسێکان هەموو ئەژمێرێ، تەماشا ئەکا هەموو لەجێی خۆیانن، هەر ئەمەیان ماوەتەوە کەماڵی خۆیانبێ، بەڵام هەرچەند ئەکا زات ناکا بچێتە ژوورەوە، بەناچاری بانگی کوڕە گەورەکەی ئەکا، کوڕە دێ بەدەنگیەوە، کە تەماشائەکا وا باوکی لەبەر قاپییەکە وێستاوە، ئەڵێ: بابە بۆ نایەیتە ژوورەوە؟ ئەڵێ: ئەمە ماڵەکەی ئێمەیە؟ ئەڵێ: بەڵێ، ئەڵێ: ئەی ئەم بۆنی گۆشتی برژاوو چزو هوڕە چییە؟ ئەڵێ: تۆ وەرە ژوورەوە چاوت بەکاری خوا بکەوێ، کە ئەچێتە ژوورەوە ئەبینێ وا پڕ لەگەنێکی گۆشتی برژاو، پڕ لەگەنێکی تریش گۆشتاوێکی زەردو زۆڵی چەوری پڕ لەگۆشت دانراوە لەگەڵ نانداا، شێخ ئیسماعیل ئەڵێ: ئەمەتان لەکوێ بوو؟ ئەڵێن: بابە ئەمە بەتانجییەکە راومانکردووە، ئەڵێ: توخوا، ئەڵێن: بەخوا، خێرا دوو پارچە گۆشتی برژاو ئەنێتە دەمیو هەڵئەستێ بەرماڵەکەی سەرشانی خۆی . کە راستو چەپ دابووی بەسەر شانیا لەسەرمانا . دائیەگرێو ئەیبا ئەیگرێتە کۆڵی تانجییەکەوە گرێی ئەداو ئەڵێ: با ئیمشەو سەرمای نەبێ، تا بەیانی جلێکی بۆ ئەکەم. کوڕەکان هەموو دەستئەکەن بەپێکەنین.

٤٣- بۆ بۆیاخی ریشی سمێڵیشی نایەبانی

سەید هیدایەت – بەرحمەت بێ – بۆی گێرامەوە، وتی دراوسێی شێخێکی ریش پان بووم، لەجیاتی زانینو زانیارییو پەخشانو هۆنراوەو خواپەرسی هەر خەریکی ریشی بوو،شەوو رۆژ دەستی تیابوو، دەمێ لەخەنەو وسمەی ئەگرتو دەمێ بەسابوونی بۆنخۆش ئەیشت، وە دەمێ دەقی ئەکردو دەمێ بەشانە دائیەهێنا. سەید وتی سەفەرێکی بەغدام کەوتەبەر. ئێوارە لای شێخ درکاندم کە سبەینێ ئەچم بۆ بەغداد، شێخ فەرمووی سەید زۆر تکات لێئەکەم شووشەیەکی بۆیەی ریشم بۆ بکرە، روپیەیەکیشی دامێ بۆ بۆیەکە. رۆژێ بەتایبەتی لەبەغدا چووم بۆ کڕینی بۆیەکە، لەسەر دوکانێك پرسیم وتم: بۆیەی ریشت هەیە؟ وتی: بەڵێ، وتم: بەچەند؟ وتی: بەرووپیەو نیوێك، وتم: نەء بەرووپیەیەك، وتی: لەوە کەمتری نییە، وتم: کوڕە بۆ شێخێکی ریش پانم ئەوێ، تاقە روپیەیەکی داومێ خێرت ئەگا بەروپیەیەکە بمدەرێ، وتی: نایدەم، زۆرم چەقە چەق لەگەڵ کرد بێکەڵك بوو، جولەکەیەك دراوسێی بوو بانگی کردم وتی: وەرە من ئەتدەمێ، منیش چوومە لای جولەکەکەو روپیەکەم دایە شووشەیەکی دامێ، تومەز ئەم شووشەیە داڕووە، کە موو هەڵئەوەرێنێ، منیش بردمەوە بۆ شێخ، شێخ زۆری پێخۆشبوو. شەو وەختی نووستن دەرمانەکە ئەهێنێو زۆر جوان ئەیدا لەریشیو سمێڵیو برۆو لاجانگی، لەپاشا لەچکێك ئەکاو ئەچێتە ناو جێگاوە ئەنوێ، بەیانی هەڵئەستێ، کە لەچکەکە ئەکاتەوە دەستێك بەریشیا ئەهێنێ هەرچی ریشو سمێڵی هەیە هەمووی بەدەستیەوە دێو ئەکەوێتە خوارەوە. شێخ هەناسەیەکی سارد هەڵئەکێشێ، هیچی پێناکرێ جنێودان نەبێ بەسەید هیدایەتی بێ گوناه. بەیانی ماڵو منداڵ کە هەڵئەستن تەماشائەکەن بنباخەڵێك ریشو سمێڵ لەو ناوەدا کەوتووە، شێخیش بەبێ ریشو سمێڵ لەلایەکەوە مات دانیشتووە، زوخاو لەدڵی ئەتکێ. بەو چلەی هالوینە شێخ لەچکێك ئەکاو لەماڵەکەی خۆی ئەچێتە کونی ژوورەوە، نەوەك یەکێك بیبینێ بەبێ ریشو سمێڵ، خۆلاسە شەش حەوت ماگ لەماڵ نەهاتەدەرێ، نەکەسی دیو نەکەس چاوی بەو کەوت، هەرچیش ئەحواڵی ئەپرسی ئەیان وت نەخۆشە.

PDF4Kurd

٤٤- بەریتانیا نایەوێت کورد بە مافی خۆی بگات

مێجەر ئەدمۆنس سی ساڵ موستەشاری وەزارەتی ناوخۆ بوو لەعێراقدا، هەموو ساڵێ ئەهات بۆ کوردستان گەشتێکی ئەکرد، وە هەموو پیاوێکی گەورەو خوێندەوارانی ئەناسی. کە سی ساڵەکەی تەواوکرد هات بۆ سلێمانی، مەعروف جیاووك . بەرەحمەت بێ . پارێزگاری سلێمانی بوو، بەوبۆنەیەوە دەعوەتێکی کرد بۆ نانخواردن لەگەڵ ئەدمۆنسدا کە یەکێکیان من بووم، ئەحواڵی فەرهەنگی خاڵی لێپرسیم وتی: لەچیدایە، وتم: لەتەواوبوونایە، وتی: دەستوبردی لێبکە بەڵکو بەمزووانە لەچاپی بدەیت. وتم: خوا یاربێت.

لەپاشا گەڕایەوە بۆ لەندەن بەیەکجاریی. لەساڵی ١٩٥٥دا حەماغای عەبدوڕڕەحمان ئاغا چوو بۆ لەندەن بەنەخۆشی، لەوێ مێجەر ئەدمۆنس چووبوو بۆ لای و دەعوەتی کردبوو بۆ نانخواردن لەماڵی خۆی. لەوێ بۆ حەماغای گێڕابووەوە کە لەپاش گەڕانەوە بۆ لەندەن، کاغەزێکی دوورو درێژی نووسی بۆ وەزیری خارجییەی بەریتانیا کە گەلی کورد گەلێکی (٢٥) ملیۆنییە، وە خاوەنی فەرهەنگە وە گەلێکی ئازای زیرەکی بەوەفای تێگەیشتووی دانایە، وە تا ئێستا ماوەتەوە بێ ئەوەی بەمافی خۆی بگا، ئەمڕۆ رۆژی ئەوە هاتووە کە بەریتانیا دەست بداتە باڵی و یارمەتی بدات تا ئەگاتە ئامانجەکانی. مێجەر ئەدمۆنس ئەڵێ : کە وەزیری خارجییە کاغەزەکەی منی پێگەیشت خێرا بروسکەیەکی دامێ کە بچم بۆ لای بیبینم. لەپاشا ئەڵێ: کەچووم بۆلای، وەزیر لێم تووڕەبوو وتی: تۆ بۆچی کاغەزی وا بۆمن ئەنووسیت؟ نازانیت کە دەوڵەتی بەریتانیا لەکۆنەوە بڕیاری داوە کە هەرگیز یارمەتی گەلی کوردنەدا.

٤٥- چوارینەکەی شێخی حوسامەدین و ئەحمەد هەردی و من

ئەحمەدی هەردی . یادی بەخێر . بۆی گێڕامەوە وتی لەساڵی ١٩٤٥ مامۆستا بووم لەدێی گوڵپ لەبناری هەورامان، لەو دێیەدا یەکێکی ژیری خوێندەوار هەبوو کەشێخ موحەممەدی کوڕی شێخی حوسامەددین بوو کە خانووبەرەیەکی گەورە و باخێکی پرتەقاڵی بوو، هەموو ساڵێ بەلۆری پرتەقاڵی ئەناردە هەڵەبجە ئەیانفرۆشت. منیش بەوبۆنەیەوە ناوبەناو بەشەو ئەچووم بۆلای شێخ موحەممەد، وە چەند سەعاتێك لەگەڵیا بەقسەی خۆش ئەمانبردەسەر. لەم مەیدانەدا چاوم بەکەشکۆڵێك کەوت لەلای، کە لەکاغەزێکی تورمەی ئاوریشم نووسرابووەوە بەدەستنووسێکی زۆر خۆش و جوان، وە پێنج شەش هەزار شیعری کوردیو فارسیو عەرەبی تیانووسرابووەوە، بێگومان (١٥٠٠ تا ٢٠٠٠) شیعری مەولەوی تیانووسرابوو، بەکوردی کە بۆ شێخی سیراجەدینی نووسیبوو، وە جوابەکەی شێخیشی تیانووسرابووەوە، هەروا شیعری زۆری تیابوو کە بۆ شێخ بەهادینو شێخ عەبدوڕڕەحمانو حاجی شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ سیراجەدین نووسرابووەوە و وەڵامی ئەمانیشی تیابوو بۆ مەولەوی، هەروەها زۆر شیعری تری تیابوو بۆ کەسانی تر کە ئەمانە هیچیان لەدیوانەکەیا تۆمارنەکرابوون. پرسیم ئەم کەشکۆڵە هی کێیە؟ شێخ موحەممەد وتی: هی شێخی باوکمە بۆ یەك دوو حەفتە لێم وەرگرتووە. منیش هەروا تکامکرد لە شێخ موحەممەد کە بۆ چەند شەوێك بمداتێ بۆ ئەوەی بەوردی تەماشای بکەم، منیش کەتەماشامکرد کەشکۆڵەکە زۆر بەنرخە وە زۆر شتی تیابوو کە لەشوێنێکی تر نەبوو، وە بینیم کە شێخ حوسامەدین . رەزای خوای لێبێ . چوارینەیەکی فارسی لەزۆر شوێن لەو کەشکۆڵەدا بەدەستنووسی خۆی تۆماری کردبوو. تێگەیشتم کە شێخی ناوبراو ئەم چوارینەیە زۆر کاری تێکردووە بۆیە وا لەزۆر شوێن نووسیوویەتییەوە. ئەحمەد هەردی وتی: منیش چوارینەکە هەرچەند فارسی بوو، وە فارسییم باش نەئەزانی وەرمگرتو تێگەیشتمو لەبەرمکرد.

چوارینەکە ئەمەیە:

گیرەم کی فەلەك هەم دەمو هەم سازایەد
ناسازیی دەهر دەر سەرم سازایەد
یارانی موافق زکوجا جمع شەوەند

PDF4Kurd

وین عمری گزشته از کوجا بازایەد

ئەحمەد هەردی کە ئەم شیعرەی دامێ بەڕاستی زۆر کاریکردە سەر هەستو هۆشم، وە باش حاڵی بووم کە کاتو دەم بەپرتاو دێتو دەڕوا، وە بەهەزاران دۆستو ئاشنا ئەمرنو خۆیان ئەشارنەوە، وە جارێکی تر نایان بینینەوە تا لەپڕ خۆشمان ئەمرین، وە بەم بۆنەیەوە منیش چوارینەکەم وەرگرتو کردم بەکوردی ئەڵێم:

گێرەم رۆژگار بەدڵی من ئەبوو

ناڕێکی دەوران رێكو پێك ئەبوو

یارانی هاودەم لەکوێ بێنمەوە

عەمری رابردوو چۆن بگێڕمەوە

٤٦- مانگی رۆژوو

وا ئەمساڵیش مانگی رۆژوو نزیك کەوتەوە، ئەگەر مەردووم هەر خەفەتی گرتنەکەیان لێهاتبێ، من خەمی گرتنەکەشیو کردنەکەشیم لێهاتووە.

جارێ پێشەکی یەکەم شەوی رۆژوو کەس بۆ مانگ ناگەڕێ، وە ئەگەر بیشی بینن کەس نایەتە مەحکەمە شەهادەت بدا، زۆر جار بیستوومە کە زۆر کەس مانگی دیوەو خۆی بەڕۆژوو بووە، کەچی یەکەم شەو لای کەس باسی نەکردووە بۆ ئەوەی پێی نەڵێن بچۆ شەهادەت بدە. ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە لە کەرکوك یا لە هەولێر یا لە بەغدادەوە بروسکەیەك بە ئیمزای قازییەوە دێ کە لەوێ مانگ بینراوە، وە شەرعەن رەمەزان سابت بووە. ئەگەر ئێکەی بە رەمەزانو رێنادەی رۆژێکی لێبخورێ، لە هەموو لایەکەوە بەناوی شەرعەوە دەست ئەکەن بە قسەکردن، ئەوە چۆن کرا بە رەمەزان؟! لە زەمانی پێشوودا بە بروسکە تەلەفۆن نەئەکرا.. بەڵێ، راستە چونکە ئەو حەلە بروسکەو تەلەفۆن نەبووە، وە ئەگەر نایکەی بە رەمەزان ئەوا سبەی ئێوارێ مانگ دوو شەوە ئەبێ، ئینجا دەس ئەکەن بە دەهۆڵ لێدان کەوا لەمسەری رۆژێکی لێخورا، خوا کەریمە لەو سەریش رۆژێکی لێبخورێو ئەم مانگەش (٢٩) بێ ئیتر ئەمێنێتەوە (٢٧) رۆژی.

ئەگێڕنەوە قازییەك سێ رەمەزان لێرەبووە، رەمەزانی یەکەم، رەمەزانەکەیان (٣٠) رۆژ بووە، رەمەزانی دووەم (٢٩) رۆژ بووە، رەمەزانی سێیەم مانگ نەبینراوەو لەم سەر رۆژێکی لێ خواردووەو رەمەزانەکەش (٢٩) بووە ماوەتەوە (٢٨) رۆژی! ئینجا بەم بۆنەیەوە کەوتوونەتە بەندو باو، وتویانە ئەگەر ئەم قازییە (٢٧) ساڵی تر لێرە بمێنێ.، رەمەزان رۆژێکی نامێنێ. باشە ئەوا رۆژووەوانەکان بە هەرجۆر، ئەی بێ رۆژووەکان دەخلیان چییە بە سەرەوە؟! ئەم مەسەلەیە مەسەلەیەکی عیلمیو دینییەو ئەگەڕێتەوە بۆ قازی، ئایا قازی شەرع لە ئیشوکاری ئێوەدا هەڵئەداتێ تا ئێوەش هەڵبدەن لە ئیشوکاریا.[1]

٤٧- سوڵتان عەبدولحەمید لەستایشی (پیرەمێرد)دا

ئەگێڕنەوە لە ساڵی (١٩٠٠) سوڵتان عەبدولحەمید شێخ سەعیدی حەفید بانگ ئەکا بۆ کۆشکی خۆی لە ئەستەمبوڵ، شێخ سەعیدیش دە پانزە کەس لە زاناو داناو نووسەرو پیاو ماقووڵانی سلێمانی لەگەڵ خۆیا ئەبات کە یەکێکیان (حاجی مەلا عەلی کانی کەوەیی)و یەکێکیان (پیرەمێرد) بووە. کە ئەگەنە ئەستەمبوڵ سوڵتان عەبدولحەمید چەند پیاو ماقووڵێکی کۆشك ئەنێرێ بە پێشوازییانەوە، وە ئەیانبەنە (دۆڵمە باخچە سی) کە کۆشکی تایبەتی سوڵتان بوو بۆ میوانداری. بەیانی کە ئەچن بۆ لای سوڵتان لە پێشەوە ئەیانبەن بۆ باشکاتبی مابەین (کە ئێستا پێی ئەڵێن سکرتێر). باشکتاب لە شێخ سەعید ئەپرسێو ئەڵێ: کوا ئەو نووسەرەتان کە بە بروسکەیەك سوڵتان عەبدولحەمیدی راکێشایە سەر تەلەفۆن کردن بۆ

1 شێخی خاڵ لە ناوەڕاستی چلەکانەوە تا ١٩٦٧ قازی بووە لە سلێمانی تەنها چوار ساڵی لێدەرکە کە قازی بووە لە کەرکوكو موصلو ئەندامی مەحکەمەی تەمیزی شەرعی لە بەغداد.

PDF4Kurd

شێخ سەعید بۆ سلێمانیو هەموو لایەكمانی سەرسام كرد، شێخ سەعیدیش پەنجە ڕائەكێشێ بۆ (پیرەمێرد) ئەڵێ: "ئەوەیە ئەو نووسەرە". باشكتاب هەڵئەسێ تەوقەی لەگەڵ بكات، پیرەمێردیش هەڵئەسێ بە كەوایەكی شۆڕو سەڵتەیەكی كورتو جووتێ فەقیانەی درێژو كڵاوو جامانەیەكەوە. باشكتاب زۆر سەرسام ئەبێ ئەڵێ: "ئەمەیە ئەو نووسەرە!"

***

لە باوكمم بیستووە كە هەر لە زەمانی سوڵتان عەبدولحەمیددا یەكێك لە هاوڵاتیانی حوكمی عوسمانی كە كوردێكی خەڵكی سلێمانی ئەبێ (بەداخەوە ناوەكەیم لەبیر نەماوە) حوكمی لە سێدارەدانی ئەدرێ لە ئەستەمبوڵ. كەسوكاری تاوانبارەكە ئەچن بۆ ماڵی شاعیرو نووسەری گەورەی كورد (پیرەمێرد) لە شاری سلێمانی، تكای لێ ئەكەن كە نامەیك بنووسێ بۆ سوڵتانو تكای لێ بكا كە سزای لەسێدارەدانی لەسەر لاببرێ. (حاجی تۆفیقی پیرەمێرد)یش بەقەڵەمە ڕەنگینەكەیو توانا بەرزەكەی لە نووسینیدا، نامەیەكی جوانی پڕ مانا بە زمانی توركی ئەنووسێ بۆ سوڵتان عەبدولحەمیدو بە كەسوكاری تاوانبارەكەدا ئەینێرێ بۆ سوڵتان لە ئەستەمبوڵو داوای لێئەكات كە بیبەخشێ.

سوڵتان كە نامەكە ئەخوێنێتەوە سەری سووڕئەمێنێ لەبەر بەلاغەتو جوانی ناوەڕۆكی نامەكە. دەستبەجێ باشكتابی مابەین بانگ ئەكاتو ئەڵێ: "ئەم حاجی تۆفیقە كێیە؟" ئەویش ئەڵێ: "ئەمە نووسەرو ڕۆژنامەچییەكی كوردەو حقوقییە و ئەندامی مەجلیسی عالی بووە لە ئەستەمبوڵ". سوڵتانیش ئەڵێ: "كوردێك بتوانێ نامەیەكی وا ڕەنگینو پڕ مانا بە توركی بنووسێ، شایانی ئەوەیە داواكەی جێبەجێ بكرێ". یەكسەر فەرمان بە بەربوونی تاوانبارەكە ئەدات.

٤٨- ڕووپەڕەیەكی سپی لە مێژووی لەشكری عوسمانیدا

لە ساڵی (١٩١٦)دا فیرقەیەكی عەسكەری عوسمانی هاتە شاری سلێمانی، وە لە قشڵەدا جێگایان نەبووەوە و بەناچاری قائیدەكەیان فەرمانیدا بە چۆڵكردنی مزگەوتەكان كە لەو كاتەدا (٣٥) مزگەوت لە سلێمانیدا بوو. لەم مزگەوتانە (٣٤)یان چۆڵكرا مزگەوتی ئێمە نەبێ كە پێیان ئەگوت مزگەوتی (حاجی شێخ ئەمینی خاڵ). دوو سێ جار هاتنە سەرمان كە بۆچی ئەم مزگەوتە تا ئێستا چۆڵ نەكراوە، پێیان وتن: "ئیمامەكە دەرناچێ". ڕۆژێ قائیدەكە بەسواری هات بۆ مزگەوت وە دوو عەسكەری لەگەڵدا بوو، لەبەر قاپی دابەزیو خۆی هاتە ژوورەوەو پرسی: ئیمامە ئەفەندی لەكوێ دائەنیشێ؟ وتیان: "لەو باڵەخانەیە"، قائید سەركەوتو چووە ژوورەوە و سەلامی كرد، باپیرم لەو كاتەدا دەوری دەلائلی ئەكردەوە، وە زۆر لە باپیرم وردبووەوە، وە پیاوێكی خوا پەرستو بەرێزی هاتە پێش چاو، ڕووی كردە باپیرم لێی پرسی: "توركی ئەزانیت"؟ فەرمووی: "نەخێر"، وتی: "تەرجومانێك پەیدا بكە". باپیرم منی نارد بەدوای (حسێن ئاغای كوڕی حاجی حەمە صالح)دا، كە حسێن ئاغا هات قائید لێی پرسی: "ئەم شێخە كێیە"؟ وتی: "ئەوە حاجی شێخ ئەمینی خاڵە شێخی تەریقەتی نەقشبەندییە، وە زانایەكی زۆر گەورەیە، وە بەشی زۆری ئەم شارە موریدی ئەمن"، وتی: "لێی بپرسە بۆچی مزگەوتەكەی تا ئێستا بەجێنەهێشتووە"؟ باپیرم فەرمووی: "دوو كوڕی گەورەو عالمم بوو (عەلیو عەبدوڵلا) لەماوەی ئەم سێ ساڵەدا كۆچی دواییان كرد، كوڕی گەورەم ژنێكو پێنج كوڕی منداڵی لەپاش بەجێماوە، وە بە پەنجە ئاماژەی بۆ من كردو فەرمووی: ئەمە كوڕە گەورەكەیەتی كە لەو كاتەدا تەمەنی (١٢) ساڵ بووە، وە من ماڵەكەم بۆ بەجێهێشتووە، وە خۆم هاتوومەتە ئەم هۆدەیە، وە جێگایەك شك نابەم كە بمانەوێ ، لەبەر ئەوە ماومەتەوە"، قائیدەكە وتی: "با لەجێی خۆی بمێنێتەوە، وە هەر زابتێكی تر هاتو وتی بڕۆن بڵێ قائید خۆی هاتە ئێرە، وە فەرمانی داوە بە مانەوەی". لەپاشا قائید پرسی لە حسێن ئاغا "ئەم شێخە خەتمی نەقشبەندی ئەكات"؟

ئەویش وتی: "هەموو شەوی سێ شەممەو جومعەیەك لە بەینی مەغریبو عیشادا خەتم ئەكات"، ئیتر دوای ئەوە هەموو ئێوارەیەكی سێ شەممەو جومعە ئەو قائیدە بە سواری ئەهات بۆ مزگەوتو دوو عەسكەری لەگەڵدا بوو، وە

PDF4Kurd

قائیدەکە ئەچووە ژووری مزگەوت و جەماعەتی مەغریبی ئەکرد، لەپاشا دائەنیشت لە خەتمدا تا بانگی عیشا ئەدرا ئینجا جەماعەتی عشای ئەکردو دوای ئەوە ئەگەڕایەوە، بەم رەنگە تا ئەو قائیدە لە سلێمانی بوو ئەمە ئیشی بوو.

هەر لە کۆتایی (١٩١٦)دا پارێزگارێکی تورک لە ئەستەمبوڵەوە نێردرا بۆ سلێمانی. دوای مانگێك ئەم پارێزگارە هاتە لای باپیرم و زۆر بەرێزەوە پێی وت: "من مانگێکە خۆم بەتەنها هاتووم بۆ سلێمانی، نازانم ماڵ و منداڵەکانم بێرم بۆ ئێرە یان نا"؟ باپیرم کەمێك ماتبوو لەپاشان فەرمووی: "ئەوەندەی هاتووی ئەوەندەی تریش چاوەڕوان بکە". مانگی تەواونەکرد ئێوارەیەکی تر پارێزگار هاتەوە خزمەت باپیرم بۆ سوپاسکردنی کە لەسەر قسەی ئەو ماڵ و منداڵی نەهێناوە، ئێستا فەرمانی نقڵی دەرچووە بۆ ئەستەمبوڵ.

٤٩- زوهدی حاجی شێخ ئەمینی خاڵ

فائیق بەگی تاپۆ بەڕەحمەت بێ[1]، کە بوو بە سەرۆکی مەحکەمە لە کەرکوك، هەموو مانگێك جارێ یان دوو جار ئەهات بۆ سلێمانی بۆ سەرۆکایەتی ئەو لیژنەیەی کە پێك ئەهات لە سێ حاکم بۆ محاکەمەی کوبرا، کە من ئەوکاتە قازی سلێمانی بووم، هەموو جارێك ئەهات بۆلام یەکەمجار کە هاتە لام باسی باپیرمی بۆ کردم، وە وتی: "لە ساڵی (١٩١٨)دا (مێجەر نۆئیل) حاکمی ئینگلیز بوو لە سلێمانی، وە منیش وەك سکرتێری وابووم، رۆژێك پێی وتم بچۆ بۆ لای حاجی شێخ ئەمینی خاڵ و پێی بڵێ لە رۆژێکەوە کە هاتووینەتە ئێرە مانگی (٢٠٠) روپیەمان بۆ بڕیوەتەوە، وە جوابمان بۆ ناردووە کە هەموو مانگێك یەکێك بنێرێ مانگانەکەی وەربگرێ، تا ئێستا نەیناردووە بۆی، ئەمە (٧٥٠) روپیە کە مانگانەی سێ مانگ و نیویەتی بۆی بەرە، وە پێی بڵێ کە لەمەولا مانگ مانگ بۆی بنێرێ.

وە منیش رووم نەهات بچمە خزمەتی چووم بۆلای حاجی تۆفیق ئەفەندی تازە دەوڵەمەند، کە مریدی حاجی شێخ ئەمینی خاڵ بوو بۆ ئەوەی بێ لەگەڵما (کەچووین پارەکەم لەبەردەمیا دانا و قسەکەی مێجەر نۆئیلم پێ وت، ئەویش پارەکەی فڕێدایەوە بەردەمم و وتی: "من لە خەلافەتی سوڵتان عەبدولحەمیددا مانگانەم وەرنەگرتووە ئێستا لە ئینگلیز مانگانە وەرئەگرم"؟!

بە تەئریخی (٨)جماد الاولی (١٣٣٧)ی کۆچی حوکمداری کوردستان شێخ مەحمود (٥٠) روپیە مانگانەی بۆ باپیرم بڕییەوە بە فەرمانێکی ئیمزاکراوی ،. کە ئەو فەرمانەم لایە، بەڵام ئەویشی وەرنەگرت.

٥٠- یادی باخەکۆن

* ئەمڕۆ ئێرە دیوەخانە، سبەینێ هێلانەی مشکانە.

* ئەمڕۆ دنیایە، سبەی زوڕنایە.

ئەم دوو قسە نەستەقە ئەوە ئەگەیەنێ کە هەموو شوێنێك لە سەرەتاوە ماوەیەك ئاوەدان و رێکوپێکە، دوای ئەوە بەماوەیەك بەرەبەرە چۆڵ ئەبێ و بێکەس ئەکەوێ، مەگەر زوڕنای تیا لێبدرێ، ئەمە دەستوورێکی ناچارییە لە هەموو جیهانا، هەروا بووەو هەروا ئەبێ هەتا دنیا دنیابێ.

سێبەری ئەم خێوەتە شینەی کە بەژوور سەرمانەوەیە، کە جێی ئاسایش و خۆشی بووە، کێ لەژێریا ماوەتەوەو حەساوەتەوە؟! گەردشی رۆژگار هەزاران هەزار خانەدانی تێکداو وێرانیکرد.. چاو هەڵبڕەو تەماشای تاقی کیسرا بکە، کە ساڵەهای ساڵ جێی شاهانی ساسانی بووە، ئێستا جاڵجاڵۆکە پەردەگێڕو کوندەپەپوو گۆرانی بێژیەتی. سەرێك لە

---

1 فائق بەگی سەرۆکی مەحکەمە لە کەرکوك لە ناوەڕاستی چلەکانەوە تا سەرەتای پەنجاکان بە حوکمی وەزیفە سەردانی سلێمانیی ئەکرد بۆ بەشداربوون لە مەحکەمەی کوبرادا، وە لە کۆتایی ساڵی (١٩٥٠)دا خانەنشینکرا.

PDF4Kurd

کۆشکەکەی سوڵتان عەبدولحەمید بدە کە ئیمپراتۆری هەموو عالەمی ئیسلامی بووە، ئێستا مشك تەراتێنی تیا ئەکاتو پەپوو تێیدا ئەخوێنیْ.

ئەوە لەم تەنیشتەوە (باخەکۆن)[1] کە چەند ساڵێك لەمەوپێش شێخی حوسام ئەلدین تیا دائەنیشت، کە کوڕی شێخ بەهائەلدینو نەوەی شێخی سیراج ئەلدین شێخ عوسمانی تەوێڵە بووە، پیرێکی تەریقەی نەقشبەندی بوو، شەوو رۆژ خەڵك ئەچوون بۆ زیارەتی لە هەموو کوردستانی عێراقو ئێرانو تورکیاو، شەوو رۆژ چەندین کەس لە خانەقاکانیانا نانی ئەخوارد، وە چاو تێر نەئەبوو لە تەماشاکردنی باخو باخاتو تەلارو حەوزی ئاوو باڵەخانەو کۆشکی نهۆم لەسەر نهۆمی.. ئێستاش چۆڵو هۆڵ، بەردی بەسەر بەردییەوە نەماوەو دارو درەختێکی سەوزی بەپێوە نییە، وە ئەو فوارەیە بە عالەمی ئاشکرا ئەگریو ئەباریێْ بەسەر ئەو خانەقاو جێگاو رێگایەدا، وە بە فرمێسکی چاو ئاوڕشێنی ئەو دەورو بەرە ئەکاتو لەگەڵ هەموو قولپێکا کە هەڵی ئەدا ئەڵێْ:

روخاندی گەردشی گەردوون، لە هەرجێْ ئاستانیْ بوو

سووتاندی ئاسمان... لە هەرکویْ ئاشییانیْ بوو

وەکو (طي سجل للكتب) پێچایەوە گەردوون

لە هەر مهمان سەرا، ئاثاری سفرەوە نانو خوانیْ بوو

ئەم چەند شیعرە بەسەر ئەو حەوزو ئاوەو فوارەی باخەکۆنا وتراوە، کە ئەڵێْ:

رأيت فوارة في منزل خرب

تبكي عليه بكاء العاشق الثمل

تذري الرياح أذا هبت مدامعاها

عليه حتى تروي الأرض بالبلل

هبها بكته أسي، لكن مقلتها

لولا الهوي لم ترق دمعاً على طلل

ئەم دەستوورە پایەدارو بەردەوامە تا ئەم جیهانە بمێنیْ:

ئەیوانی جەم کە هەم دەمی کەیوان بوو مدتیْ

ئەمڕۆ بە پەستی خانە خرابە لە چاڵ ئەچیْ

هەر ناڵە وا لە بورجی جەلالا وەکو هلال

هەر ماهەوا لە کونجی مەلالا لە ناڵ ئەچیْ

بەڕاستی مانو پایەداری هەر بۆ خوایە، هەموو شتێك ئەچێتەوە پەردەی نەبوونی تەنیا ئەو نەبیْ (كل شيْ هالك إلا وجهه* له الحكم وإليه تُرجعون)، (كل من عليها فان* ويبقى وجه ربك ذو الجلال والإكرام).

ئەو باخەکۆنەی کە جاران بەهەشتی سەرزەوی بوو، دڵی تیا ئەکرایەوەو چاوی تیا ئەگەشایەوەو گیانی تیا پەروازی ئەکرد بۆ (اعلى عليين)، ئێستا هەموو بەیانیانێكو ئێوارانێك پەپوویەك سەری تیا دەرئەهێنیْ و ئەڵێْ:

(لمن الملك اليوم؟ لله الواحد القهّار).

٥١- رووپەڕەیەکی نەنووسراو لە مێژوودا

لە ئابی (١٩١٦)دا بەبۆنەی هێرشی رووسەوە بۆ سەر کوردستانی ئێران، ساداتی زەمبیل کە پێنج برا بوون (سەید عەبدولحەکیمو حاجی بابە شێخو سەید سەلامو سەید حسێنو سەید حەمە ئەمین) بەخۆیانو ماڵو منداڵو دەستو پێوەندیانەوە هاتن بۆ سلێمانیو پیاوێکیان نارد لەپێش خۆیاندا بۆلای باپیرم (حاجی شێخ ئەمینی خاڵ)، کە ئێواریْ

[1] باغەکۆن دێیەکە ئەکەوێتە نێوان (گوڵپ)و (گەچێنە) لە ناوچەی هەورامان، مەرقەدی شێخ حسامەدینو شێخ موحەممەدی کوڕی لێیە.

PDF4Kurd

دوای رۆژئاوا ئەگەنە پێشەوەو، میوانی ئێوە ئەبن.. باپیرم جوابی نارد بۆ ماڵەوە کە نان دروستبکەن، دوای رۆژئاوا بە نیو سەعات گەیشتنە پێشەوە، پیاوان هەموو هاتنە مزگەوت‌و ژنانیش چوونە ماڵەوەو، چەند شەوێك مانەوە.. دوای سێ رۆژ سەید عەبدولحەکیم کوڕە گەورەی سەید عەبدولکەریم زەمبیل بوو، نامەیەکی نووسی بۆ شێخ مەحمودی نەمر، کە لە دێی (داری کەلی) خانووەکەی خۆی بداتێ تا ئەگەڕێتەوە، شێخ مەحمودیش خانووبەرەکەی (داری کەلی) دانێ، سەید عەبدولحەکیم بە خۆی‌و ماڵ‌و منداڵیەوە چوونە ئەوێ دانیشتن. لەپاش ئەوە هەموو دە پانزە رۆژێك سەید عەبدولحەکیم خۆی ئەهات بۆ خزمەت باپیرم‌و یەك دوو رۆژ ئەمایەوە لای، لەپاشان ئەگەڕایەوە بۆ (داری کەلی).. براکانی هەریەکە ماڵێکی بەکرێ گرت، لە گەڕەکی گۆیژەو تیا دانیشتن. لە کۆتایی پایزدا کە رووس گەڕانەوە، ئەوانیش گەڕانەوە بۆ زەمبیل.

٥٢ - لە بیرەوەرییەکانی منداڵیم

لە گەرمەی رشانەوەکەی ساڵی (١٩٠٣) دا منی سەرسەخت لە سکی دایکما بووم، بەخوێنی ترس‌و بیمی رشانەوەو خەم‌و خەفەتی مردنی خزمان‌و خوێشان پەروەردەکراوم، وە لە ئاخرو ئۆخری رشانەوەکە لە ساڵی ١٩٠٤ دا هاتوومەتە جیهانێکی پڕ لە خەم‌و خەفەت‌و دەردی سەرییەوە، کە هەرچی خەندە بێ بەسەر روخسارو، بزەبێ بەسەر دەم‌و لێوەوە نەبووە. لۆرەمان (لاحول ولا قوت إلا بالله) وە گۆرانیمان (إنا لله وإنا اليه راجعون) بووە.

لە ئاخرو ئۆخری ساڵی (١٩٠٧) دا باپیرم حاجی شێخ ئەمینی خاڵ لە سەفەری حاج هاتەوە، دوای دوو ساڵ کە لە مەککەو مەدینە مایەوەو، منیان برد بە پیریەوە لە (تووی قۆجە) منیان دایە دەستی، گرتمی بە سنگیەوەو ماچی کردم، وە سەرو دەم‌و چاوم لە ناو ریشی سپییا (کە وەك ئاوریشمی خاو وابوو) نقووم بوو، وە ئەوکاتەم (سا لەبەر هەر شتێك بێ) لەبیر نەچۆتەوە.. ئەو چەند رۆژە قەرەباڵغییم ئەدی، وە پێکەنینم بەرگوێ ئەکەوت.

لە ساڵی (١٩٠٩) بەفرە گەورەکە باری، کە هەرچی خانووی شاری سلێمانی بوو وەك لە چلوورەو شووشە سەهۆڵ گیرابێ وابوو، چونکە هەرچی گوێسەوانە هەبوو لە بنمیچەوە تا ئەرز شووشە سەهۆڵ بوو، وە چلوورە بە چواردەوری خانوودا وەك یاساوڵ دەوری دابوو، وە لووتی گەیشتبووە سەر زەوی. (حاجی کەریمی شمقار) شێرە بەفرینەیەکی زۆر گەورەی دروستکردبوو لەسەر شاڕێی سابوونکەران لە پشت ماڵی رەشیدی مەمەدەوە، کە ئەو شێرە بەفرینەیە تا بەهارێکی درەنگ مایەوە.

لە ساڵی (١٩١٠) شێخ عەبدوڵلای مامم خوێندنی تەواوکرد لە خزمەتی خوالێخۆشبوو (شێخ نەجیبی قەرەداخی)دا، وە ئیجازەی عیلمی وەرگرتوو گەڕایەوە بۆ سلێمانی. فەقێی (مستعد) لە زۆر لە مزگەوتەکانەوە ئەهاتن بۆ خزمەتی بۆ دەرسخوێندن، وە رۆژی هەشت نۆ دەرسی لە کتێبە بەرزەکان ئەوتەوە، وەك (تهذيب)و (جمع الجوامع)و (گلنبوی برهان)و (تحفەی ابن حجر).

دوای بەفرەکە بە مانگ‌و نیوێك تەرزەیەك باری لە سلێمانی، لافاوی ئەو تەرزەیە چەند ماڵێکی لە ژوور ماڵی ئێمەوە برد، وە دارو حەماڵ‌و چڵ‌و چێوی ئەو خانووانەی هێنا لە بەینی ماڵی ئێمەو مزگەوتا توندیکرد.. ئەو لافاوە پەنگی خواردەوە تا لە نیوە شەودا ماڵی ئێمە پڕبوو لە ئاو.

PDF4Kurd

٥٣ - بیرەوەری

خانووەكەی (تۆفیق قەزاز)ی ئێستا كە لەگەڵ حەمامی گازیّو دیوەخانو رەزەكەی ماڵی (حەمەی ئەوڕەحمان ئاغا) لەگەڵ خانووەكەی (میرزا فەرەجی حاجی شەریف)، كە ئێستا بەدەست منداڵەكانی (تۆفیق ئەفەندی ئاغا فەتحوڵڵا)وەیە، واتە ئەم (٢٠-٣٠) هەزار مەترە چوارگۆشەیە، خانووی (عەبدوڵڵا بەگی ئیسماعیل بەگی خالید بەگی موحەممەد پاشای خانە زێڕینەی بابان) بووە.

والی موصڵ بە خۆیو كۆمەڵێكی گەورەوە دیّ بۆ تەفتیشی لیوای سلێمانی، لە ماڵی (عەبدوڵڵا بەگی كوڕی ئیسماعیل بەگ) دائەبەزیّ، چەند رۆژێك ئەمێنێتەوەو زۆر خزمەت ئەكریّ لەلایەن عەبدوڵڵا بەگەوە. تەنانەت لە باپیرم بیستووە كە ئەویش لە باوكی بیستووە، لەو شەوانەدا كە والی میوانی ماڵی عەبدوڵڵا بەگ بووە، كوڕانی گەڕەكی گۆیژە شەو بەسەر جادەدا دێن، ئەگەنە بەر ماڵی عەبدوڵڵا بەگ، ئەبینن ئەو ماڵە گەورەیە هەمووی چراخانە، وە قەڵەباڵغییەكی یەكجار زۆری تیایە، كوڕەكان كە ئەچنە ژوورەوە حەوشەیەكی گەورەو چیمەنێكی پانو پۆڕ ئەبینن، كە ئەچنە ناو چیمەنەكەوە یەكێكیان ئەڵیّ: "كوڕینە با بڕۆین چیمەنەكە ئاوی كراوەتە سەر". تومەز نانی ئێواریّ خوراوەو پلاوو شلەیەكی ئێجگار زۆر ماوەتەوە. پلاوەكە لە گۆشەیەكی چیمەنەكەوە رۆكراوە، شلەكەش لەولاترەوە رۆكراوە. رۆنو چەورایی ئەو چێشتانە چۆتە ناو چیمەنەكەوە، كە كوڕەكان بە ئاویان زانیووە، گوایا ئاو كراوەتە سەر چیمەنەكە!!

والی پاش چەند رۆژێك عەبدوڵڵا بەگ لەگەڵ خۆیا ئەبا بۆ رانیە، وە ئەیكا بە قائیمقامی ئەویّ. لەپاشا لە رانیەوە نقڵ ئەبیّ بۆ كۆیەو لەوێشەوە بۆ كفری. لە كفری كۆچی دوایی ئەكا، وە هەر لەویّ نێژراوە.

ئەم خانووانە كە (٢٠-٣٠) هەزار مەترە چوارگۆشەیە ئێستا چۆڵو هۆڵە، پەپوو تیا ئەخوێنیّ، بە زمانی حاڵ ئەڵێن (لِمَنِ المُلكُ اليَوم) واتە ئەم خانە دانانە هی كێنو لەكوێن؟! هەر خۆی بەزمانی حاڵ وەڵام ئەداتەوە، ئەڵیّ: (للهِ الواحد القهّار) واتە بۆ خوای تاكو تەنیای زاڵی دەست رۆیووە.

٥٤ - كتێبی بێتوشی

لە ساڵی (١٣٤٢)ی كۆچیدا (كفایة)ی مەلا عەبدوڵڵای بێتوشیم ئەخوێند لەلای شێخ جەلالی قەرەداخی (بەڕەحمەت بیّ) زۆر بە شیعرەكانی بێتوشی ئەگەشامەوەو، زۆرم پیّ جوان بوون لە مەبەستو داڕشتندا، نەخوازەلا ئەم دوو شیعرەی كە لە تەعریفی منظومەی كفایەدا ئەڵیّ:

أغربت في أنشاءها أغرابا

فهي تجل عربا أترابا

يحدي بها في الدوي للأيانق

وتمتري دموع كل وامق

منیش ئەگەڕام بەشوێن شیعرەكانیا، نوسخەیەكی حفایەم لەلابوو لە شەرحی كفایەدا، هەموویم دەوركردەوە(٣٠-٤٠) شیعرێكی خۆی تیابوو وەرمگرتو دەستمكرد بە نامەنووسین بۆ (أحساوو بحرینو قطیف)و چەند شارێكی تر داوامكرد ئەگەر شیعری بێتوشییان لەلا هەیە بۆم بنێرن، چەند غەزەلو قەصیدەیەكم بۆ هات. خۆلاسە لە ساڵی (١٩٥٧) دا كتێبی بێتوشیم تەئلیفكردو لەچاپمدا، لەدوای چاپكردنی شەوێكیان لەخەوما چوومە مزگەوتی خۆمان، یەكیّ پێی وتم موحافیزەكانی عێراق هەموو لە ژوورەكەی باپیرتن، منیش لێكمدایەوە چوار موحافیزیان ئاشنام بوون، یەكێكیشیان خزمە. بەوبۆنەیەوە چوومە ژوورەكەی باپیرم تەماشام كرد(١٤)مێزەر بەسەری لیّ دانیشتوون، كەچوومە ژوورەوە بینیم دانیشتوون بەدەوری ژوورەكەداو جێی سیّ چوار كەس بەتاڵ بوو. منیش سەلامم لێكردن. وەڵامی سەلامەكەیان نەدامەوە، لەدڵا دڵگیر بووم. یەكێكیان لەسەرەوە دانیشتبوو عەبایەكی سووری بەشانەوە بووو مێزەرێكی كوردانەی بەستبوو، ریشی چەناگەی سپی بووبوو، كە هەر چەناگەی ریشی پێوەبوو، وە لە سەرۆكیان ئەچوو، منیش دانیشتم لەپاش چەند

PDF4Kurd

دەقیقەیەك یەکێکیان روویکردە سەرۆکەکەو پێی وت: "قوربان فلاّن کەس ناتناسیّ، بۆیە قسەت لەگەڵ ناکات"، ئینجا ئەو رووی کردە منو وتی: "فلاّن کەس من زۆر موخلیصی تۆم کە ماوەیەکی زۆرە بەشوێن شیعری بێتوشیدا ئەگەڕێیت، قاموسەکەی (نصیری هۆرێنی) پەیدابکە شیعری بێتوشی ئێجگار زۆر لەلای راستو چەپی قاموسەکە نووسراوەتەوە، ئیتر خەبەرم بووەوە، مانای خەوەکەم نەزانی، بەلاّم تێگەیشتم ئەو سەرۆکەی قسەی لەگەڵ کردم بێتوشی بوو.

دوای ئەم خەوە بە دوو سیّ ساڵ عەللامە (مەلا موحەممەدی قزڵجی) (بەرەحمەت بیّ) لە بەغداوە هات بۆ سلێمانیو میوانی من بوو، لەپاش چەند رۆژیّ خەوەکەم بۆ مەلا موحەممەد گێڕایەوە، مەلا موحەممەد وەزعێکی بەسەراهات، زۆر گەشایەوە بە خەوەکەمو وتی: "واللە واللە ئەم خەوەی تۆ راستە، چونکە نصری هۆرێنی حاشییەیەکی بەسەر قاموسەوە نووسییوە ئەوەی تۆ ئەتەویّ لەوێدا هەیە!!

PDF4Kurd

له بڵاوکراوەکانی پرۆژەی (تیشك)

زنجیره	ناوی کتێب	نووسه ر
١	بەئیسلامکردنی کورد، ماستەرنامە یان هەڵەنامە؟	ن: فازل قەرەداغی
٢	نەزانیی و بێشەرمیی، بەشێك لە چەواشەکارییەکانی مەریوان هەڵەبجەیی لە کتێبی (سێکس و شەرع و ژن)دا	ن: عومەر کەمال دەروێش
٣	ئاشتینامە، وەڵامێك بۆ (خوێننامە)ی زەردەشتی	ن: ئامینه صدیق
٤	فەتواکەی مەلای خەتێ، ئەفسانەی مێژوونووسێك	ن: حەسەن مەحمود حەمەکەریم
٥	صەلاحەددینی ئەییوبی، گەورەتر لە رەخنەگرانی، گفتوگۆ لەگەڵ پرۆفیسۆر دکتۆر موحسین موحەممەد حسێن	ئامادەکردنی: ئارام عەلی سەعید
٦	بەرەو بەختیاری ئافرەت "بەرگی یەکەم"	جەمال حەبیبوڵلا "بێدار"
٧	ئازادیی رادەربڕین لە رۆژئاوا، لە سەلمان روشدییەوە بۆ رۆجیە گارودی	ن: د. شەریف عەبدولعەزیم و: وەرزێر حەمەسەلیم
٨	بەجیهانیکردن، دیدێکی ئیسلامیی	ن: د. موحسین عەبدولحەمید و: حەمەکەریم عەبدوڵلا
٩	کوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامیدا	ن: حەسەن مەحمود حەمەکەریم
١٠	بەرەو بەختیاری ئافرەت "بەرگی دووەم"	ن: جەمال حەبیبوڵلا "بێدار"
١١	مێژووی دێرینی کوردستان "بەرگی دووەم"	ن: فازل قەرەداغی
١٢	سەدەیەك تەمەنی نوورین، مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیس بە پێنووسی خۆی بناسە	ئا: عەبدولدائیم مەعروف هەورامانی
١٣	دەوڵەتی خیلافەت، بوژاندنەوەی کۆمەڵگەو گەشەسەندنی شارستانییەت	ن: ئیکرام کەریم
١٤	لە سەرگوزشتەکانی ژیان، ئەدەبی گاڵتەوگەپ، رووداوی مێژوویی، بیرەوەریی	ن: شێخ موحەممەد خاڵ